# شیکردنەوەی مەنزومەی بەیقونی لە زانستی زاراوەی فەرمودە

کۆکردنەوە و نوسینی:

م. عبدالرحمن شمس الدين نزاری

ئەکادیمیای گەنجینەکانی سونەت بۆ زانستە شەرعیەکان

کەناڵی تیلیگرام: https://t.me/daralulum

فیسبوك: https://www.facebook.com/IBNSALAH.ISLAMIC.ACADEMY/

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

**الحمد لله رب العالمين و العاقبه للمتقين و الصلاه و السلام على نبينا محمد و على اله و صحبه أجمعين**

**أما بعد،**

**لە میانەی خولەکانی بنەڕەتی لە زانستە شەرعیەکان، لە پەیج و کەنالی گەنجینەکانی سونەت بۆ زانستە شەرعیەکان و لە بواری فەرمودەناسی وەك سەرەتایەك مەنزومەی بەیقونیمان هەلبژارد کە پەیوەستە بە زاراوەکانی فەرمودە.**

**ئەم مەنزومە لە گەل ئەوەش کە کورتە، بەلام لە دێر زمانەوە گرنگی زۆری پێدراوە و لە زۆرێك لە قوتابخانەکانی فەرموودەناسی لە وولاتانی موسلمان وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی لە خولە سەرەتاییەکاندا پشتی پێ بەستراوە.**

**گرنگی ئەم مەنزومە یە، لەوەدایە کە زۆر بە کورتی لە زاراوە سەرەکیەکانی زانستی فەرمودەناسی دەدوێت و لە بەر کردن و تێگەیشتنی لە لایەن فێرخوازانی زانستی شەرعی لە ئاستی سەرەتایی ئاسانە.**

**لە گەل کورتی و پوختی ئەم مەنزومەیە گرنگی دراوە بە شیکردنەوەی ئەم مەنزومەیە و زۆر پەرتوکی لە سەر نوسراوە کە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین بۆنمونە:**

- **فتح القادر المعين بشرح منظومة البيقوني في علم الحديث، کە لە دانانی شیخ عبدالقادر بن جلال الدين المحلى یە.**
- **(تلقيح الفكر بشرح منظومة الأثر) لە دانانی أحمد بن محمد الحسينى الحمودى الحنفى یە**

**- (صفوة الملح بشرح منظومة البيقونية في فن المصطلح) لە دانانی زانای پایەبەرز شمس الدين محمد بن محمد البديرى الدمياطي کە ناسراوە بە بابن الميت (١١٤٠ هـ)، ئەم پەرتوکە بە گرنگترین شیکردنەوەی مەنزومەی بەیقونی دادەنریت.**

- **(حواشي على المنظومة البيقونية) لە دانانی العلامه عبد الرحمن بن سليمان ابن يحيى الأهول (١٢٥٠ هـ)**
- **(الدرة البهية في شرح المنظومة البيقونية) دانانی عەلامه محمد بدر الدين بن يوسف المدنى الدمشقى (١٣٥٤ هـ)**
- **(النخبة النبهانية شرح المنظومة البيقونية) دانانی شيخ خلفيه بن محمد النبهانى (١٢٦٩هـ)**
- **التقريرات السنية شرح المنظومة البيقونية) دانانی العلامه حسن ابن محمد المشاط المكى (١٢٩٩ هـ) کە چەندین جار چاپ کراوە**
- **(حاشية الأجهوري على شرح الزرقاني) هي شيخ عطية الأجهوري**
- **(السهل المسهل) هى شيخ سيف الرحمن أحمد**
- **شەرحی عبدالله سراج الدين**
- **الزهره السميه ی شيخ خالد الجزمائى، ئەمە دەستنوسە لای پەیمانگەی دەستنوسە عەرەبیەکانە**

- البهجة الوضية ی شیخ محمود بنشابە ١٣٠٨ ھ
- شیكردنەوەی بەیقونیە لە زاراوەی فەرمودە لە دانانی شیخ ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لی بیت
- الثمرات الجنية شرح المنظومة البيقونيه ی شیخ عبدالله بن جبرين
- الأمالي المكية ی شیخ سليمان العلوان
- مذكرة فی شرح البيقونيه ی شیخ صالح الاسمری
- الدرر النقيه فی شرح المنظومة البيقونيەی شیخ ئەحمەد بن حمود الخالدی
- مذكرة في شرح البيقونية ی شیخ محمد بن ابراهيم الجزائری
- شیكردنەوەی سعد الحميد كە بە كورت ترین شیكردنەوە دادەنریت
- شیكردنەوەی محمد بن عبدالباقی الزرقانی ت ١١٢٢ ھـ كە لە لایەن ئەزهەر و ڤوتابخانە فەرمودەناسیەكانی وولاتی یەمەن دەوینریت.
- شیكردنەوە حسن بن محمد المشاط ١٣٩٩ ھـ
- شیكردنەوە محمد سراج بن محمد سعيد الجبرتی الانی
- السامسونيه فی شرح البيقونيەی أبو عبدالله ليث الحيالی

لە وانەیە شیكردنەوەی تریش هەبیت لە سەر ئەم مەنزومەیە

تیبینی: ناوی ئەم پەرتوكانە لە شەرحی صفوه الملح بە تەحقیقی أبو مالك محمد بن حامد بن عبدالوهاب دا هاتووە.

بە پشت بەستن بە الله تعالی هەول دەدەین بە كەلك وەرگرتن لە شیكردنەوەكانی خەلكی تر بە تایبەت شەرحی صفوة الملح ی دمیاطی ( ١١٤٠ ھ)، هەروەها چەند پەرتوكیكی تایبەت بە زانستی زاراوەی فەرمودە بە سەرچاوە وەرئەگرین وەك كتابەكانی: الباعث الحثيث شرح اختصار علوم الحديث ی حافظ ابن كثير، تيسير مصطلح الحديث ی د. محمود طحان و الميسر فی علم مصطلح الحديث ی ماجد الغوری، و بێ گومان وەك ڕێچكەی زانایای پیشوو چاوێك دەخشینە پەرتوكە بە ناوبانگەكەی مصطلح الحديث ی زانای فەرمودەناسی پایەبەرزی كورد ابن صلاح الشهرزوری ڕەحمەتی خوای تعالای لی بیت.

لە بەر ئەوەی ئەم خولە و ئەم پەرتوكە بۆ ڤوناغی بنەڕەتی تایبەت كراوە، هەول دەدەین بە ئاسانترین شێواز دەستەواژەكان شی بكەینەوە كە واتا بەخش بێت و لە هەمان كات دا كورت و دەربڕ بێت.

فێرخوازانی خۆشەویستمان لە زانستە شەرعیەكان، و بە تایبەت ئەو بەڕێزانەی كە ئارەزومەندن لە بواری فەرمودە ناسی بخوێنن، هان دەدەین كە هەول بدەن مەتنەكان و مەنزومە و دەڤە كورتكراوەكانی هەموو بوارەكان لە بەر بكەن بە تایبەتی ئەم مەنزومەی بەیقونیە، كە ڕەنگە كورت ترین دەق بێت لە بواری فەرمودەناسی پێویستە لە بە ر بكریت.

## زانستی زاراوەی فەرمودە ( مصطلح الحديث):

فەرمودە، وەك دووەم سەرچاوەی شەریعەتی ئیسلام زۆر گرنگە، و سەرەرای ئەوەی کە بەشێکی زۆری ئەحکامی شەریعەتی لێ وەردەگیرێت، سەرەکیترین و بڕواپێکراو ترین سەرچاوەی ڕاڤە کردنی قورئانی پیرۆزە. هەلبەت لە پێناو پاراستنی سونەتی خۆشەویستمان صل الله عليه و سلم لە دەستێوەردانی کەسانی نەفام و نەیار و نیازگلاو، زانایان هەر زوو لە سەردەمی هاوەلان گرنگیان بە سەنەدی فەرمودە داوە بە تایبەت لە سەردەمی تابعین و سەرهەلدانی فیتنەکان ئەم گرنگی پێدانەش بەرجەستە تر بوو. مێژووی نوسینەوەی فەرمودەکان و چۆنیەتی و هەروەها گرنگی پێدانی سەنەدی فەرمودە و لێکولینەوە لە ڕاستگۆیی ڕاویەکان بابەتێکی ترە و خۆی لە زانستی علم الرجال و الجرح و التعديل دەبینیتەوە کە پێویستە لە کاتی خۆی بە درێژی ئاماژەی پێ بدرێت بۆیە ئێمە لە پێناو پاراستنی کورت بڕی لێرە لێ ی نادوێن. بەلام سەبارەت بە زانستی زاراوە ئەوەندە دەلێین کە ئەم زانستە دوای گەلالە بوونی بنچێنە سەرەتاییەکانی زانستی فەرمودە ناسی و جیا کردنەوەی جۆرە کانی فەرموودە و ئەو عیللەتانەی کە لە ناو سەنەد و دەقی هەندێ لە فەرموودە هەیە و هەروەها تایبەتمەندیەکانیان پەیدا بوو، بە تایبەت کاتێك بۆ ناسینەوەی زاراوەکان و واتای زاراوەکان لای هەر زانایەك پێویست بۆ زاراوەی ستاندەر بهێتە کایەوە تا هەموو زانایان زمانێکی فەرمودەناسی تاقانەیان هەبێت.

بەلگەکانیش لە رووی دەقە شەرعیەکان بۆ لێکولینەوە لە فەرمودە و گرنگیپیدان بە فەرمودە و گێرانەوەی لە قورئان و سونەت دا هاتووە: الله تعالى لە قورئانی پیرۆز دەفەرموێت:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَن تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ ﴾ [الحجرات: ٦]،

هەروەها پیغەمبەری خۆشەویست دەفەرموێت: - ﷺ -: ((نَضَّر الله امرأً سمع منّا شيئًا فبلّغه كما سمعه، فرُبّ مُبلَّغٍ أوعى من سامع)) لە ریوایەتیکی تر هاتووە: (( فرُبَّ حامل فقه إلى مَن هو أفقه منه، ورب حامل فقه ليس بفقيه)).

واتە خوای تعالی دەم و چاوی ئەو کەسە گەش و نورانی بکات کاتێك شتێك لە منەو ە دەبیستن وەك خۆی رایبگەینن، لە وانەیە ئەوەی پێ ی رادەگەینیت لە و کەسەی کە بۆی دەگێریتەوە شارەزا تر بیت لە رووی تێگەیشتنەوە.

سەرەتا ئەم زانستە وەك زانستێکی سەربەخۆ نەبوو بەلکو لە ناو هەندێ کتێبی شەرعی باس لە هەندێ بابەتی ئەم زانستە کراوە وەك کتابی ( رسالە ی ئیمامی شافیعی رەحمەتی خوای لی بیت)، بەلام دواتر وەك زانستیکی سەربەخۆ کتابی بۆ نوسرا و یەکەم کەس کە ئەم کارەی کردبیت أبو محمد الحسن بن عبدالرحمن بن خلاد الرامهرمزی بوو کە کتابیکی بە ناوی -المحدِّث الفاصل بين الرَّاوي والواعي – دانا. ئینجا کتابی تر لەم بابەتە دانرا وەك : كتاب – معرفه علوم الحديث – ی حاکم نیشابوری و کتابی – الكفايه في علم الروايه- ی خەتیبی بەغدادی و کتابی قازی عەیاز - الإلماع

الي معرفة اصول الرواية و تقييد السماع- و کتابی أبو حفص الميانجي و کتابی بە ناوبانگی زانای کوردی فەرمودەناس أبو عمرو عثمان بن الشيخ صلاح الدين عبدالرحمن بن عثمان بن موسى الكردى الشهرزورى الشافعى کە بە ابن صلاح بە ناوبانگە بە ناوی – مصطلح الحديث- و هتد.

بە لام کورت ترین کتێبەکان لە م بوارە دەتوانین باس لە – نخبة الفكر و نزهة النظر – ابن حجر عسقلانی بکەین هەروەها کتابی – الموقظة- ی ئیمامی زەهەبی رەحمەتی خوایان لی بیت کە گەر عومر باقی بیت لە داهاتوو ان شاو الله تعالی پێمان خۆشە بە ریوایەت و دیرایەت شییان بکەینەوە.

## هەندێ زانیاری سەرەتایی دەربارەی زانستی فەرمودەناسی:

پێش ئەوەی دەست بکەین بە شیکردنەوەی بەیتەکان پیویستە هەندێ دەستەواژە شی بکەینەوە لە وانە:

- **زانستی مصطلح الحديث** واتە زاراوەی فەرمودە: بریتیە لە زانینی ئەو بنچینە و بنەمایانە کە بە هۆیانەوە چۆنیەتی سەنەد و مەتن واتە دەقی فەرمودە دەزانرێت لە رووی قبول کردن یا رەت کردنەوەیان
- **حديث** واتە فەرمودە بە مانا لە زمانی عەرەبی واتە نوێ و لە رووی زاراوەیی: بریتیە لە قسە، کردەوە، رازی بوون یا ئاکاریکی جەستەیی یا رەفتاری کە بدرێتە پاڵ رسول الله صل الله عليه و سلم.
- **خبر: لە رووی زمانەوانی واتە هەوال و لە زاراوە ٣ قسە هەیە لە سەری:**
  1. هاو واتایە لە گەل فەرمودە
  2. مانای جیاوازە، فەرمودە ئەوەی لە لایەن رسول الله بێت صل الله عليەو سلم و خبر لە لایەن غەیری ئەو
  3. گشتی ترە: واتە خبر لە لایەن رسول الله صل الله عليه و سلم و غەیری ئەویش بیت
- أثر: لە زمانەوانی: واتە ئاسەوار و لە زاراوە دوو قسە هەیە:
  1. هاواتای فەرمودەیە
  2. جیاوازە: بریتیە لەوەی دەدریتە پال هاوەڵان و تابعين لە قسە و کرەوە
- **إسناد:** دوو واتای هەیە
  1. فەرمودە بدرێتە پال ئەوەی ووتویەتی بە سەنەدەوە
  2. زنجیرەی ئەو پیاوانەی کە دەگەیەنیتە دەقەکە، و بەم واتایە مەبەستی پێ سەنەدە.
- **سند**: لە زمانەوانی: واتە پالپشت و لە زاراوە دا: زنجیرەی ئەو پیاوانەی کە فەرمودە دەگێرنەوە هەتا دەگاتە دەقەکەی
- متن: لە زمانەوانی واتە: ئەوەی لە سەر زەوی هەڵدەستێت و بەرزدەبێتەوە و لە زاراوە: بریتیە لە و گوتەی کە سەنەد پێ دەگات و کوتایی پێ دێت.
- **المسند**: اسم مفعوله واتە ئەوەی شتێك بخاتە پالی و لە رووی زاراوە ٣ واتای هەیە:

١. هەر کتابیك کە تیایدا گێرانەوەی هەر هاوەلیك بە جیا تیایدا کۆکرابیتەوە وەك موسنەدی ئیمامی ئەحمەدی حەنبەل رەحمەتی خوای لی بیت

٢. فەرمودەیەك کە مەرفوعە واتە دەگاتە پیغەمبەری صل الله علیە و سلم بە سەنەدی متصل ەوە لە رووی قسە و کردەوە و رازی بوون و ئاکاراوە.

٣. یا واتای سند بریتی بیت لە زنجیرەی سند و چاوگیکی میمی بێت ( مصدر میمی).

- **محدث**: برتیە لەو کەسەی کە سەرقالە بە زانستی فەرموده لە رووی دیرایە ت و ریوایە ت، و ئاگادارە لە سەر زۆربەی ریوایەتەکان و حالی راویەکان و ئەوەی دەیزانیت زیاترە لەوەی نایزانیت

- **حافظ**: دوو قسەی لەسەرە:

١. هاوواتایە لە گەل محدث لە لای زۆربەی فەرمودە ناسان

٢. دە لین پلەیەکە لە محدث بالا ترە بە جۆریك لە هەر تەبەقە ( توێژی راویەکان) ئەوەی دەیزانیت زیاترە لەوەی نایزانیت

- **الحاکم**: ئەوەی کە زانیاری هەیە لە سەر گشت فەرمودەکان بە جۆریك شتیکی کەم نەبیت لیّ ی وون نیە ئەمەش لە سەر رای بەشیك لە زانایان

- زانستی فەرمودەناسی بۆ دووبەش دابەش دەبیت:

١. زانستی ریوایەتی فەرمودە، برتیە لە گێرانەوەی فەرمودەکان

٢. زانستی تێگەیشتن لە فەرمودە ( دیرایە ت) ، بریتیە لە لیکولینەوە لە حالی( راوی و مروی) واتە ئەوی دەگێریتەوە و ئەوەی دەگێردریتەوە لە رووی وەرگرتن و رەت کردنەوە.

## مەنزومەی بەیقونی و دانەرەکەی:

ئەم دەقە شیعریە لە بواری زاراوەی فەرموەیە و لە دانانی **عمر بن محمد بن فتوح البیقونی الدمشقی الشافعیە** (پێش سالی ١٠٨٠ هـ زیندوو بووە واتە سالی کۆچی دوایی دیار نیە) کە ٣٤ بەیتە. بیقون ناوی گوندێکە لە هەرێمی ئازربیجان، نزیك کوردەکان ( بە پیی قسەی شیخ بدرالدین الحسنی لە کۆتا لاپەرەی شەرحەکەی بە ناوی ( الدرر البهیە).

ئەم مەنزومەیە سەنەدەکەی ناگاتەوە دانەرەکەی بەلکو سەنەدەکە تایبەتە بە ئەوانەی کە دەقەکەیان شیکردتەوە و سەنەدی ئیمەش دەگاتە ئیمامی زورقانی رەحمەتی خوای لی بیت.

## دەقی مەنزومە:

١ . أبدأُ بالحمدِ مُصَلِّياً على ... مُحمَّدٍ خَيرِ نبيٍّ أُرسِلا

٢ . وذِي مِنَ أقسَامِ الحديث عدَّة ... وكُلُّ واحدٍ أتى وحَدَّه

٣ . أوَّلُها (الصحيحُ) وهَو ما اتَّصَل ... إسنادُهُ ولَمْ يشَذّ أو يُعَلّ

٤ . يَرْويه عَدْلٌ ضَابِطٌ عَنْ مِثْلِهِ ... مُعْتَمَدٌ في ضَبْطِهِ وَنَقْلِهِ

٥ . و(الحَسَنُ) المَعْروفُ طُرقاً وغَدَتْ ... رِجالُهُ لا كالصّحيحِ اشْتَهَرَتْ

٦ . وكُلُّ ما عَنْ رُتبةِ الحسْنِ قَصُر ... فَهُو (الضعيفُ) وهَو أقْسَاماً كُثُر

٧. وما أُضيفَ للنبي (المَرْفوعُ) ... وما لتابِعٍ هُو (المقْطوعُ)

٨. و(المُسْنَدُ) المُتَّصِلُ الإسنادِ مِنْ ... رَاويه حتَّى المُصْطفى ولَمْ يَبِنْ

٩ . ومَا بِسَمْعِ كُلِّ راوٍ يتَّصِل ... إسْنادُهُ للمُصْطَفى فـ(المُتَّصِل)

١٠ . (مُسَلْسَلٌ) قُلْ ما عَلَى وَصْفٍ أتَى ... مِثْلُ أَما واللهِ أنْبأنِي الفتَى

١١ . كذَاكَ قَدْ حَدَّثَنِيهِ قائِماً ... أوْ بَعْدَ أنْ حَدَّثَنِي تَبَسَّما

١٢ . (عَزيزٌ) مَرويُّ اثنَينِ أوْ ثَلاثَه ... (مَشْهورٌ) مَرويُّ فَوْقَ ما ثَلاثَهْ

١٣ . (مُعَنْعَنٌ) كَعَن سَعيدٍ عَنْ كَرَمْ ... (ومُبْهَمٌ) مَا فيهِ راوٍ لَمْ يُسَمْ

١٤ . وكُلُّ ما قَلَّت رِجالُهُ (عَلا) ... وضِدُّهُ ذَاكَ الذي قَدْ (نَزَلا)

١٥ . ومَا أضَفْتَهُ إلى الأصْحابِ مِنْ ... قَوْلٍ وفِعْلٍ فهُو (مَوْقُوفٌ) زُكِنْ

١٦ . (ومُرْسلٌ) منهُ الصَّحابيُّ سَقَطْ ... وقُلْ (غَريبٌ) ما رَوى راوٍ فَقَطْ

١٧ . وكلُّ ما لَمْ يَتَّصِلْ بِحَالِ ... إسْنادُهُ (مُنْقَطِعُ) الأوْصالِ

١٨ (والمُعْضَلُ) السَّاقِطُ مِنهُ اثْنانِ ... ومَا أتى (مُدَلَّساً) نَوعانِ

١٩ . الأوَّل الإسْقاطُ للشَّيخِ وأنْ يَنقُلَ مِمَّن فَوْقَهُ بعَنْ وأنْ

٢٠ والثَّاني لا يُسْقِطُهُ لكنْ يَصِفْ أوْصافَهُ بما به لا يَنعَرِفْ

٢١ وما يُخالِفُ ثِقةٌ فيهِ المَلا فـ(الشَّاذُّ) و(المَقْلوبُ) قِسْمانِ تَلا

٢٢ إبْدالُ راوٍ ما بِراوٍ قِسْمُ وقَلْبُ إسْنادٍ لمتنٍ قِسْمُ

٢٣ . و(الفَرْدُ) ما قَيَّدْتَهُ بِثِقَةِ أوْ جَمْعٍ أوْ قَصرٍ على روايةِ

٢٤ . وما بِعِلَّةٍ غُموضٍ أوْ خَفَا (مُعَلَّلٌ) عِنْدَهُم قَدْ عُرِفَا

٢٥ وذُو اخْتِلافِ سنَدٍ أو مَتْنٍ (مُضْطربٌ) عِنْدَ أهْلِ الفَنّ

٢٦ . و(المُدْرَجاتُ) في الحديثِ ما أتَتْ مِنْ بَعْضِ ألفاظِ الرُّواةِ اتَّصَلَتْ

٢٧ . وما رَوى كلُّ قَرينٍ عنْ أخِهْ (مُدَبَّجٌ) فَاعْرِفْهُ حَقًّا وانْتَخِهْ

٢٨ مُتَّفِقٌ لَفظاً وخطاً (مُتَّفِقْ) وضِدُّهُ فيما ذَكَرْنَا (المُفْتَرِقْ)

٢٩ . (مُؤْتَلِفٌ) مُتَّفِقُ الخطِّ فقَطْ وضِدُّهُ (مُخْتَلِفٌ) فَاخْشَ الغَلَطْ

٣٠ . (والمُنْكَرُ) الفَرْدُ بهِ راوٍ غَدَا تَعْديلُهُ لا يَحْمِلُ التَّفَرُّدَا

٣١ . (مَتْرُوكُهُ) ما واحِدٌ بِهِ انفَرَدْ وأجْمَعُوا لضَعْفِهِ فَهُوَ كَرَدّ

٣٢. والكَذِبُ المُخْتَلَقُ المصنُوعُ علَى النَّبِيّ فَذَلِكَ (المَوضُوعُ)

٣٣. وقَدْ أتَتْ كالجَوْهَرِ المكْنُونِ سَمَّيْتُها: مَنْظُومَةَ البَيْقُوني

٣٤. فَوقَ الثَّلاثِينَ بأَرْبَعٍ أتَتْ أقْسامُها ثُمَّ بخَيرٍ خُتِمَتْ

## شیکردنەوە بەیتەکان:

### ١. أبدأ بالحمد مصليا على محمد خير نبي أرسلا — أبدأ بالحمد مصليا على محمد خير نبي أرسلا

دانەری مەنزومە ڕەحمەتی خوای لی بیت، بە ( بسملە) دەست پی دەکات لە بەر ئەوەی زانایان لە سەر ئەو ڕێبازە بوون کە پێویستە نامەکان بە (بسملە) دەست پێ بکات و خوتبەکانیش بە (حمدلە) - واتە الحمد لله رب العالمين- و لە بەر ئەوەی کتێب و پەرتوکەکانیش دەچێتە خانەی نامەکان ئەوا دانەر بە (بسملە) دەستی پی دەکات هەرچەندە هەندێ لە گەورە زانایانی ئۆمەت وەك ئیمامی بوخاری هەندی جار بە (حمدلە) دەست پێ دەکەن. بەڵگەی دەست پێ کردن بە بسملەش ئەو فەرمودەیە کە ئەبو هورەیرە ڕزای خوای لی بیت ریوایەت دەکات دە لیت : پیغەمبەری خوا صل الله علیه و سلم فەرمویەتی : (كُلُّ كَلَامٍ أَوْ أَمْرٍ ذِي بَالٍ لَا يُفْتَحُ بِذِكْرِ اللهِ فَهُوَ أَبْتَرُ - أَوْ قَالَ : أَقْطَعُ -) و ئەم فەرمودەیەش بە چەند دەربڕینی جیاواز هاتووە و زۆربەی زانایان لە سەر ئەو رایەن کە ئەم فەرمودە بە ریگا جیاوازەکانی لاوازە بەلام هەندی لە زانایان وەك ابن حجر و ئیمامی نووی ڕەحمەتی خوایان لێ بێت بە صحیح یان داناوە و ابن باز ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت دەچێتە خانەی حسن لغیرە واتە بە هۆی فەرمودەی تر کە هەمان واتا دەگەینێت بە هێز دەبێت و دەگاتە ڕادەی حسن .

هەرچەندە دەستپێك بە بسمەلە و حمدلە هەرکامیان بێت بەرەکەتی هەیە بەلام بە هێنانەوەی هەردوکیان بەرەکەتەکە کامل تر دەبێت.

دانەر دەلێت دەستپێکی مەنزومە بە سوپاس و ستایش بۆ خوای تعالی دەست پی دەکەم هەروەها بە صلاوات لیدان لە سەر محمد صل الله علیه و سلم کە باشترین نێردراوە کە رەوانە کرا بێت. هەر چەندە وەك ووتمان بە بسملەی دەست پی کردووە بەلام دەلیت بە حمدلەم دەست پیکردووە ئەوا دەچتە خانەی گەراندنەوە بۆ لای خوا لە بەر ئەوەی بە ناوی خوای تعالی دەست پی بکرێت یا ستایش کردنی هەمووی هەر یەك شتە و صلاوات لیدانیش لە سەر پێغەمبەری خۆشەویست لە دوای حمدلە هەروەك خوشەویست صلی الله علیه و سلم فەرمانی پێکردوین کە سەرەتا ستایشی خوای تعالی بکریت ئینجا صلاوات لە سەر پیغەمبەرەکەی لی بدرێت، هەروەها دانەر دەلێت باشترین پیغەمبەر و ڕەوانە کراو هەرچەندە کە پیەغمبەری خۆشەویست صل الله علیه و سلم نهی کردووە لە چەندین فەرمودە کە پێش نەخرێت لە سەر پێغەمبەرانی تر سلاوی خوای تعالایان لی بێت ئەوەش زانایان چەند پاساوی بۆ دەهێننەوە: سەرەتا خوشەویستمان صل الله علیه وسلم دەفەرمویت: ( أنا سَيِّدُ ولَدِ آدَمَ يَومَ القِيامَةِ، وأَوَّلُ مَن يَنْشَقُّ عنْه القَبْرُ، وأَوَّلُ شافِعٍ وأَوَّلُ مُشَفَّعٍ) واتە من گەورەی نەوەی ئادەمم علیه السلام رۆژی کوتایی و یەکەم کەسم کە قەبرەکەم بۆ شەق دەبێت و یەکەم تکاکارم و ڕێگام پێدەدریت تکا بکەم. بەلام لە بەر خۆ بەگەورە نەزانینی فەرمانی کردووە کە لە سەر پیغەمبەرانی تر علیهم السلام پیش نەخریت، یا بۆ ئەوەی مشتومر و ناکوکی و ئاژاوە لە نیوان موسلمانان و ئەهلی کتاب دروست نەبیت لە

سەردەمی خۆی یا لەوانەیە ئەو کاتەی کە نهی کردووە لە پێشخستنی هێشتا نەیزانیوە و پێ ی نەگەیشتووە کە گەورە ی نەوەی ئادەمە علیه الصلات و السلام.

و سەلەوات لە لایەن الله جل جلاله برتیە لە رەحمەت و دەرخستنی پایە و فەزلی پیغەمبەری خۆشەویست و سەلەواتی مەلائیکەت بریتیە لە ستایشیان بەو شیوەی کە خوای تعالی مەدحی کردووە و سەلەواتی ئێمە دوعایە بۆ ئەوەی خوای تعالی پایە بەرزتری بکات.

## ٢- وَذِي مِن أَقْسامِ الْحَدِيثِ عِدَّه — وَكُلُّ واحِدٍ أَتَى وَحَدَّه

(و) واوی عەتفە ، و (ذي): مبتدأ ، اسم اشارەیە و (أقسام الحديث ) خەبەرە واتە فەرمودە و لێرە مەبەستی زانستی دیرایەتە کە چەند جۆری هەیە مەبەستی ئەو ٣٢ جۆرە ی کە دانەری مەنزومە لێرە ناویانی هێناوە و یەك بە یەك باسیان دەکات.

جۆرەکانی فەرمودە زۆرن، هەندیکیان ناوەکەیان پەیوەندی بە سەنەدەکەوە هەیە و هەندێکیان بە دەقەکەی، بە لام بە گشتی لە ٣ جۆری سەرەکی ( صحیح، حسن، ضعیف) خۆیان دەبینەوە.

## ٣- أَوَّلُها (الصَّحِيحُ) وَهُوَ مَا اتَّصَلْ — إِسْنادُهُ وَلَمْ يَشِذَّ أَوْ يُعَلْ

### صحیح:

صەحیح لە زمانەوانی: پێچەوانەی سقیم ەو واتە نەخۆش واتە صحیح بە واتای تەندروست دێت لە زمان دا.

لە رووی زاراوە: بریتیە لەوەی کە فەرمودە گێرەوەیەکی ڕاست ( عدل) کە لە بەر کردنەکەی تەواوە ( تام الضبط) ە، بە سەنەدی نەپچراوە ( متصل السند) دەگێرێتەوە و بە بێ ئەوەی کێشە ( علة) ی هەبیت و پێچەوانەی گێڕانەوەی کەسێك کە لە خۆی دامەزراوترە ریوایەت نەکات ( غیر شاذ). بۆیە فەرمودەی صحیح ( راست) ٥ پێنج مەرجی هەیە کە دەبێ سیانیان تیادا هەبێت ( نەپچران، راستگۆیی، و لە بەر کردن) و دەبێ دوانی تریش تیایدا نەبێت ( ئەویش شذوذ و علة) یە.

### لە بەر گرنگی فەرمودەی صحیح بە درێژی شی دەکەینەوە:

١. مەرجی یەکەم ( العدل): بریتیە لە و کەسەی کە فەرمودە دەگێرێتەوە پێویستە لە خواترسان و پیاوەتی تیایدا هەبێت. ئیمامی شافعی فەرمویەتی: ئەو کەسەیە کە واز لە گوناهە گەورەکان هێناوە و چاکەکانی زیاترە لە خراپەکانی.

خودی ( العداله) ش پینج مەرجی هەیە: ١.ئیسلام، ٢.بالغ بوون ( منالێك کە چاکە و خراپە لیك جیا دەکاتەوە واتە ممیز بیت بۆی هەیە فەرمودە وەربگریت بەلام تەنیا ئەو کاتە بۆی هەیە فەرمودە بگێریتەوە کە بالغ بوو بێت.

ئەوەش بە بەلگەی ئەو فەرمودەیە كە (محمو د ابن الربیع رەزای خوای لی بێت دەلێت: من لە پیغەمبەری خۆا ئەوەم بیرماوە كاتێك ئاوی دەمی لە دەفرێكەوە بە دەم و چاوی من دا كرد و من ئەو كات تەمەنم پینج سالان بوو)، ٣. عەقل و هۆش ٤. دوور بون لە گوناه و فیسق ٥. خۆ بە دوور گرتن لە و شتانەی كە پیاوەتی لەكدار دەكەن. پیاوەتی ( المرؤءة): بریتیە لە هەندی داب و نەریتی كەسیتی كە وا دەكات مرۆڤ لە رەوشتی بەرز و نەریتە باشە كان، لا نەدات. ئەو شتانەش كە پیاوەتی لەك دار دەكەن وەك: ( باسی شت و بابەت گەلی سوك كردن، ئەنجام د انی كارێك كە لای خەلكی بە ناشرین سەیر دەكریت، پیسایی كردن لە ناو ئاوێی مەند و گۆم، باس كردنی خراپە و عەیبی خەلك كردن، وەستان لە بازارەكان بۆ سەیر كردنی ئافرەتان و هتد. تیبینی: ناپیاوەتی بە گشتی لە هەموو كات و شوینیك لە یەك دەچیت بەلام لە رووی هەندی بابەت لە سەردەمیك بۆ سەردەمیك و لە شوینیك بۆ شوینیك دەگۆریت بۆ نمونە بنیشت جون و سواری سەر پشتی ماین بوون.

مەبەستیش لە لە خواترسان: بریتیە لە خۆ بە دوور گرتن لە كارە خراپەكانی وەك هاوەل دانان بۆ خوا یا خود گوناه و بیدعە.

٢. مەرجی دووەم هەلگرتن ( الضبط) كە ئەمەیان دوو جۆرە: هەلگرتن بە هۆی لە بەر كردن ( ضبط الصدر)، و هەلگرتن بە هۆی نوسین ( ضبط الكتابة). و (ضبط التام) واتە هەلگرتنی بە تەواوەتی لێرە مەبەستی ئەوەیە لە و كەسە جیا بكرێتەوە كە لە هەلگرتنەكەی تۆزێك كەم و كورِی هەیە كە ئەمەیان مەرجی فەرمودەی ( حسن) ە.

٣. مەرجی سێیەم نەپچران ( الإتصال): ئەمەش واتای ئەوەیە كە سەنەدەكەی هێچی لێ نەقرتا بێت بە جۆریك هەر كەسێك لە مامۆستای خۆی بیستبیت.

٤. نەبوونی ( شذوذ): ووشەی ( شاز): لە رووی زمانەوانی واتە: لە ناو خەلكی جیاواز بی لە رووی گیرانەوە، بە لام لە رووی زاراوە: مەبەست لێی راویەكە كە خۆی جیگای متمانەیە بەلام پێچەوانەی كەسیكی تر كە لە خۆی جیگای متمانە تر بیت فەرمودە بگێرێتەوە.

٥. مەرجی پێنجەم ( معلل نەبوون): و ووشەی (معلل) لە زماندا: واتە ئەوەی كە خەوشێكی تێدا هەبێت، لە ڕووی زاراوەیی: بریتیە لە وەی كە خەوشێكی تێدا بێت بە هۆیەوە ڕخنە لە ڕاستیەكەی بگیرێت.

نمونەی فەرمودەی صحیح: وەك ئەوەی ئیمامی بوخاری رەحمەتی خوای لی بێت لە صحیح ەكەی هێنوەتەوە دەلێت: حدثنا عبدالله بن یوسف قال: أخبرنا مالك عن ابن شهاب عن محمد بن جبیر بن مطعم عن أبیه قال: سمعت رسول الله صل الله علیه و سلم قرأ في المغرب بالطور).

لەم فەرمودەیە هەموو راویەكان دامەزراو و راستگۆن و هەلگرتنیان تەواوە و پچران لە نیو سەنەدە كە نیە واتە هەموو ڕاویەكان ئەم فەرمودەیان لە مامۆستای خۆیان بیستووە و پێچەوانەی لە خۆیان متمانە پیكراوتر نەكردوە و هیچ جۆریكی خەوش و كیشە لە ناو سەنەد و دەقەكەی دا نیە.

بۆ زانینی دامەزراو بوون و هەلگرتنی فەرمودە بۆ هەر ڕاویەك دەبێت بگەڕێنەوە بۆ كتابەكانی رجال و جرح و تعدیل كە پێناسە و زانیاری وورد و حوكمی گەورە زانا ڕخنەگرەكانیان لە پلە و پایە ی ڕاویە كان تیدایە. لەم فەرمودەی سەرەوە و بەم شیوەیە هەر راویەك حوكمیان لە سەر دراوە:

١. عبدالله بن يوسف: دامەزراو و پسپۆرە ( ثقة متقن)
٢. مالك بن أنس: پیشەوا و حافیزە
٣. ابن شهاب الزهری: زانایەكی شارەزا لە فیقە و حافیزە و كۆدەنگی هەیە لە سەر شكۆ و پایەكەی و شارەزاییەكەی
٤. محمد ابن جبیر: دامەزراوە
٥. جبیر ابن مطعم: هاوەلیكی بەرێزە.

بۆ ئەوەی دلنیا بین لە نەبوونی ( شذوذ) دە بێت فەرمودەكە بە هەموو رێگاكانی ترەوە تەماشا بكەین تا بزانین ڕاوی لە گێرانەوەی فەرمودە پێچەوانەی كەسیكی لە خۆ متمانە پێكراوتری نەكردبێت، نەبوونی ( خەوش و عیلەت) یش زۆر كاریكی قورسە و كاری هەموو كەس نیە و شارەزایانی ڕخنەگری سەردەمەكانی پیشوو ئەم بەهرەیەیان هەبووە و توانیویانە ئەو خەوشە نهێنیانە ئاشكرا بكەن و لە كتێبەكانی ( العلل) باسیان لیوە كردوە. زانستی ( علل) یش یەكێكە لە زانستە گرنگە كان و یەكیك لە ناسراو ترین كتابە كانیش لەم بوارە كتابی ( علل للترمذي) یە هەروەها شیكردنەوەی ابن رجب ی حنبلیش ناسراوترین شەرحی ئەم پەرتوكە بە نرخەیە.

## حوكمی فەرمودەی صحیح:

بە كۆ دەنگی زانایانی فەرمودە ناس دەبێت كاری پێ بكریت هەروەها ئەمە رای ئەو زانا ئۆصولی و شەرعزانانەیە كە قسەیان لێ وەردەگیرێت. بۆیە بەلگەیەكی سەرەكی شەریعەتە و نابێت موسلمان وازی لی بهێنێت و پاش گوێ ی بخات.

## یەكەم كتێب لە سەر فەرمودە صحیحە كان:

یەكەمیان صحیح ی ئیمامی بوخاری بوو، ئێنجا صحیح ەكەی ئیمامی موسلیم رەحمەتی خوا لە هەردوكیان بیت. بەلام زۆربەی زانایان لە سەر ئەو رایەن كە ئەم دوو پەرتووكە هەموو فەرمودە صحیحەكانیان لە خۆ نەگرتووە بەلكو ئەم دوو گەورە ئیمامە تەنیا ئەو فەرمودە صحیحانەیان لە كتابەكانیان كۆ كردۆتەوە كە بە پێ ی مەرجەكانی ئەوانن. مەرجەكانی ئیمامی بوخاریش توندترە لە هی ئیمامی موسلیم لە بەر ئەوەی لای ئیمامی بوخاری دەبی هەر راویەك بێجگە لە وەی كە خەلكی یەك سەردەم بن دەبێت بە یەكیش گەیشتبن و فەرمودەیان لە یەكتر وەرگرتبێت.

ئیمامی بوخاری ئەفەرمویت: ئەوەی لە فەرمودەی صحیح نەم هێناوەتەوە زیاترن لەوەی كە هێناومەتەوە.

ئیمامی موسلیم دەفەرمویت: مەرج نیە هەر فەرمودەیەك صحیح بێت لای من ئا لیرە ( واتە لە صحیحەكەی موسلیم) هینا بێتەوە بەلكو تەنیا ئەوانەی كە كۆدەنگ بوون لە سەری ئەوانەم هیناوەتەوە.

ژمارەی فەرمودە صحیحەكانی ئەم دوو ئیمامە:

بوخاری: بە گشتی ٧,٢٧٥ فەرمودە بە دووبارەشەوە، و بە بێ دووبارە ٤,٠٠٠ فەرمودە

موسلیم: بە گشتی ١٢,٠٠٠ فەرموودە بە دووبارەشەوە و بە بێ دووبارە نزیكەی ٤,٠٠٠ فەرمودە

باقی فەرمودە صحیحەکان لە کتیبە بە ناوبانگەکانی وەك: صحیح ی ابن خوزێمە، صحیح ی ابن حبان، مستدرك ی حاکم، سونەنی أربعە و سنن ی دارە قوتنی و هتد. دەدوزرێنەوە. بەلام ئەمانەش مەرج نیە هەمویان صحیح بن بەلکو دەبێت بە راشکاوی جەخت لە صحیح بونەکەیان کرا بیت.

## جیاوازی فەرمودە صحیحەکان لە رووی پلەوە:

فەرموودە صەحیحە کان لە یەك ئاست و پلە نین بەلکو هەندێکیان صحیح ترن لە وانەی تر، لە بەر پلەی ڕاویەکانیان، بۆ نموونە هەندێ فەرمودە هەموو راویەکان ئیمامی بەناوبانگ بوون یا بێجگە لە فەرمودە گێرانەوە لە فیقە و شەرعیش شارەزا بوون ئەمە وا دەکات فەرمودەکان پلەیان جیاوا زبێت ئەمەش بە کەلك دێت کاتێك دوو فەرمودە بە ڕوالەت جیاوازیان هەبێت و لە پێناو هەلبژاردن لە نێوانیان واتە (ترجیح) پێویستیمان بە زانینی ئەم راستیە دەبێت.

هەروەها ئەو فەرمودانەی کە هەردوو شیخ واتە ( بوخاری و موسلیم) لە صەحیحەکانیان هاتووە پلەیان بالا ترە لەوەی کە تەنیا یەکێکیان هێناویانەتەوە و ئەوانەی لای بوخاری بە تەنیا ریوایەتی کردوون بە هیزترن لە وانەی تەنیا موسلیم ریوایەتی کردون ئینجا ئەوانەی بە پێ ی مەرجەکانیانە بە لام نەیانگێراوەتەوە، ئێنجا ئەوانەی لە سەر مەرجی بوخارین، ئینجا ئەوانەی بە پێ ی مەرجەکانی موسلیم ن، ئێنجا فەرمودەکانی تر کە لای زانای تر صەحیح ن وەك ابن خوزێمە و ابن حبان.

**ماناى واژەی ( متفق علیه)**: واتە هەردوو ئیمام بوخاری و موسلیم لە سەر ی کۆدەنگن نەك ئەوەی هەموو زانایانی تری ئۆمەت لە سەری کۆدەنگن.

| | |
|---|---|
| ٤-یَرْوِیهِ عَدْلٌ ضَابِطٌ عَنْ مِثْلِهِ | مُعْتَمَدٌ في ضَبْطِهِ وَنَقْلِه |

واتە ئەو کەسەی کە وەصف کرایە بە عدل واتە جێگای متمانە یە، لە ڕووی دین و هەلگرتنی فەرمودە لە کەسیکی هاوپلەی خۆی لە رووی عەدالەت و هەلگرتن ریوایەت بکات بە پشت بە ستن بە لە بەر کردن یا پەرتوکەکەی و خۆی بگێریتەوە.

سەبارەت بە چۆنیەتی زانینی عەدالەتی ڕاویەکان و هەلگرتنیان زانستێك هەیە بە ناوی (الجرح و التعدیل) واتە لەکدار کردن و متمانە پێکردن کە کۆمەلێك زانای ڕخنە گر و پسپۆر کتابیان لە سەر داناوە و دابەش دەبن بۆ ٣ ئاست: هەندێکیان بە ئاسانی خەلك بە متمانە پێکراو دادەنێن: وەك تورمزی و حاکیم و بەیهەقی و هەندێکیشیان مەرجەکانیان توند و تولە وەك: ابن مەعین و ابو حاتم و جەوزەجانی و هەندێکی تریش میان ڕەون وەك: ئیمامی ئەحمەد و بوخاری ڕەحمەتی خوا لە هەر هەموویان بێت. گەر هەمویان کۆك بوون لە سەر متمانە پێکردن یا لەکدار کردن ئەوە جیگای گومان نابێتەوە و بەلام کاتی هەبوونی ناکوکی زیاتر پشت بە ڕای میانرەوەکان دەبەسترێت. ئەم کارەش واتە حوکم دان لە سەر ڕاویەکان کارێکی ئاسان نیە و پێویستە ئەو کەسەی ئەو کارە دەکات بنچینە و بنەماکانی زانستی جرح و تعدیل بزانێت و بێ لایەنانە پشت ببەستێتە سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکانی زانستی رجال و جرح و تعدیل.

یەکەمین کەسانێك کە قسەیان لە بارەی جرح و تعدیل کردبێت: ابن سیرین (کە تابعی بووە) و ئیمامی شوعبی بوون رەحمەتی خوایا لی بیت. و ناسراوترین کتابەکانی ئەم زانستە واتە علم الرجال و الجرح و التعدیل: تهذیب الکمال ی ئیمامی مزی و کورت کراوەکانی وەك ( تقریب التهذیب ی ابن حجر عسقلانی) و ( التهذیب) و تذهیب التهذیب) ی ئیمامی زەهەبی یە و ثقات ی ابن حبان و الضعفاء ی ابن عدی یە.

کاتێك کە دانەر دەڵێت پشت بە لە بەر کردن یا پەرتوکی خۆی و گێڕانەوەی خۆی دەبەستێت ئەمەش ئاماژەیە بە پلەکانی هەلگرتنی فەرمودە و گێڕانەوەیان: کە بە هێزترینیان ١.بیستنە لە دەمی شیخ، ئێنجا ٢. بە سەر شێخ دا بخوێنریتەوە واتە کەسیك فەرمودە بخوێنیتەوە و شێخەکە لە وێ بێت ٣. مۆلەت دان بە ریوایەت کردن ٤. مناولە واتە دەستاودەست کردن بە واتای وەرگرتنی پەرتوکی فەرمودەکان لە شێخێك ئەویش دوو جۆرە بە مۆلەت یا بە بێ مۆلەت ٥. مکاتبە، واتە شیخ بە نامە ئەو فەرمودانەی کە دەێگێرێتەوە بنێرێت بۆ کەسیك ئەمەش دوو جۆرە بە مۆلەت یا بی مۆلەت.

٦، اعلام و اتە ڕاگەیاندن کاتێك قوتابی رادەگەێنێت ئەم فەرمودەی بیستووە هەرچەندە مۆلەتی نەبێت ٧. وەسیەت: کاتێك شێخێك وەسیەت بکات کەسێك فەرمودەکانی لێ بگێرێتەوە ٨. وجادە: کاتێك کەسێك پەرتوکی فەرمودەکانی شێخێك دەدۆزیتەوە بەلام خۆی لێ ی نەبیستووە و مۆلەتیشی نیە و ئەمەیان بڕوا پیکراو نیە و بە پچڕاو دادەنرێت.

## ٥- والحسن المعروف طرقا وغدت رجاله لا كالصحيح اشتهرت

### فەرمودەی حسن:

لە رووی زمانەوانی واتە: جوان، لە ڕووی زاراوەیی: واتە هەمان پێناسەی فەرمودەی صحیحی هەیە بە جیاوازی یەك مەرج نەبێت ئەویش لە ڕووی هەلکرتن لە جیاتی ئەوەی کامل و تەواو بێت ئەوا لە بەر کردنەکەی و هەلگرتنی لاواز و ناتەواو بێت، بە واتای ئەوەی یەکێك لە ڕاویە کان یا زیاتر لە ڕووی لە بەر کردنەوە و گێرانەوەی توزێك لاوازبیت.ئەمەش وا دەکات پلەی فەرمودە لە صحیح بۆ حسن دابەزێت.

پێناسەی هەندێك لە زانایان بۆ فەۆمودەی حسن [١]

تورمزی: هەر فەرمودەیەك کە لە ناو سەنەدەکەی دا کەسێك نەبێت کە بە درۆ تۆمەتبارکرابێت و هەروەها فەرمودەکە شاز نەبێت و لە ڕێگای تر گێردرابێتەوە لای ئێمە فەرمودەیەکی حسن ە.[٢]

---

[١] تیسیر مصطلح الحدیث، محمود الطحان ص. ٤٦

٢ هەمان سەرچاوە

ابن حجر: هەوالی ئاحاد کە لە لایەن کەسی عدل واتە راستگۆ بگێڕدرێتەوە کە هەلگرتنەکەی تەواو بێت و سەنەدەکەی نەپچڕاو بێت و گیر و گرفت و علە ی تیادا نەبێت و شاز نەبێت ئەوە فەرمودەکە خۆی لە خۆیدا صەحیحە، بەلام گەر هەلگرتنەکەی نوقصانی و کەم و کوری تێدا بوو ئەوا حسن ە.[٣]

## حوکمی فەرمودەی حسن:

وەك فەرمودەی صحیح وایە لە کار پێکردن بەلام لە هێزەوە لەو خوارترە بۆیە هەموو زانایان کاری پێ دەکەن، چ زانایانی فەرمودە و چ ئۆصولیەکان، تەنیا هەندێ کەسی دەگمەن نەبێت، .هەندێ لە وانەش کە ئاسانکارن بە صەحیح یان ئەژمار کردووە وەك ابن حبان و ابن خوزیمە. [٤]

هەندێکیش بەو فەرمودانەی لە رووی پلەیەوە دکەونە نیوان صحیح و لاواز دەلین حسن.

**هەروەها فەرمودەی حسن دوو جۆرە:** حسن لذاتە و حسن لغیرە. حسن لذاتە واتە خۆی لە خۆیدا حەسەنە و مەرجەکانی حەسەنی تێدایە بەلام حسن لغیرە واتە خۆی لاوازە بەلام لاوازیەکەی گەورە نیە و فەرمودەی تری لاواز پالپشتی دەکەن و پلەی بەرزی دەکەنەوە بۆ حسن لغیرە.

بەلام ابو عمرو ابن صلاح ی شارەزووری رەحمەتی خوای لی بێت دەلێت: مەرج نیە گەر فەرمودەیەك بە چەند رێگای جیاواز هاتبێت وەك فەرمودەی ( الأذنان من الرأس) ببێتە حەسەن لە بەر ئەوەی لاواز بوون پلەی جیاوازی هەیە، هەندێکیان بە رێگای تر لاوازیەکە لا ناچێت وەك ریوایەتی کەسی درۆ زن و مەتروك..[٥]

**فەرمودەی حەسەن لە کوێ هەیە:**

ابن صلاح شارەزوری دەفەرموێت: ئیمامی تورمزی بنچینەیە بۆ زانینی فەرمودەی حەسەن ( واتە کتابەکەی).

هەروەها سنن ی أبو داود فەرمودەی حسن ی زۆر تێدا هەیە کاتیك لە فەرمودەیەك بی دەنگ دەبێت ئەوا حسن ە.

## فەرمودەی حسن صحیح:

ئەمە زاراوەیەکە تایبەتە بە ئیمامی تورمزی رەحمەتی خوای لێ بێت. ئەمەش زانایان ڕاڤەی جیاوازیان بۆ کردووە، هەندێ دەلێن دوو سەنەدی هەیە یەکێك صەحیح و ئەوی تریان لاواز، هەندێکی تر دەلێن حەسەن لە ڕووی دەقەوە و صەحیح لە رووی

---

٣هەمان سەرچاوە

٤ هەمان سەرچاوە

٥ الباعث الحثیث لابن کثیر، ص ٢٥

سەنەدەوە . ابن كثير لە كتابي (الباعث الحثيث) دەلێت پایەیەکی سەربەخۆیە لە نێوان صەحیح و حەسەن لە حەسەن بالاتر و لە صحیح بەرەو ژێر ترە [٦]

## نمونەی فەرمودەی حسن:

روي الإمام أحمد بن حنبل في مسنده و قال: حدثنا يونس و أبو سلمة الخزاعي قالا: حدثنا ليث، عن يزيد- يعني ابن الهاد- عن عمرو بن شعيب، عن أبيه، عن جده، أنه سمع النبي صل الله عليه و سلم يقول: (( ألا أخبركم بأحبكم إلي و أقربكم مني مجلسا يوم القيامة؟)) ، فسكت القوم، فأعادها مرتين أو ثلاثا، قالوا: ( نعم يا رسول الله صل الله عليه و سلم)، قال: (( أحسنكم أخلاقا)).

**لێکدانەوەی پلەی ڕاویەکانی ئەم فەرمودە یە:**

١. يونس: يونس بن يزيد الأيلي: متمانە پێکراوە.
٢. أبو سلمە: منصور بن سلمە الخزاعی: متمانە پێکراو دامەزراو و حافظ ە.
٣. ليث: ليث بن سعد الفهمى المصرى: متمانە پێکراو دامەزراو شارەزایە لە فیقە و پێشەوایەکی بە ناوبانگە.
٤. يزيد: يزيد بن عبدالله بن أسامە بن الهاد الليثي: متمانە پێکراوە و فەرمودەی زۆر گێراوەتەوە.
٥. عمرو ابن شعيب: عمرو ابن شعيب بن محمد بن عبدالله بن عمرو ابن العاص: صدوق واتە راستگۆیە ( ئەمەش واتە لە ڕیزی پیاوەکانی فەرمودەی حەسەنە) .

هەموو ڕاویەکانی ئەم سەنەدە متمانە پێکراون جگە لە عمرو ابن شعيب کە پلەی لە خوارترە و ئەم واژەیە واتە صدوق مانای ئەوەی کە لە هەلگرتنی کەم و کوریەکی کەم هەیە بۆیە پلەی ئەم فەرمودە دادەبەزێت بۆ حەسەن. [٧]

**٦- وكل ما عن رتبة الحسن قصر فهو الضعيف وهو أقسام كثر**

## ضعیف

فەرمودەی لاواز بریتیە لە هەر فەرمودەیەك کە صەحیح و حەسەن نەبێت و مەرجەکانیان تیایدا بە دی نەکرێت.

لیرەدا دانەری مەنزومە رەحمەتی خوای لێ بێت بە گشتی فەرمودەی بۆ (٣) جۆری صەحیح و حەسەن و لاواز دابەش کردووە، بەلام لە راستیدا دەتوانین بلێین (٥) بەشە:

١. فەرمودەی صحیح لذاتە ( واتە خۆی لە خۆیدا صحیح) ە
٢. فەرمودە صحيح لغيره ( واتە بە هۆی هەبوونی ڕێگای تر بە هیز بووە و گەیشتۆتە پلەی صەحیح)

---

٦ هەمان سەرچاوە

٧ الميسر في علم مصطلح الحديث للماجد الغورى، ص: ١٣٢-١٣٣

٣. فەرمودەی حسن لذاته: واتە خۆی لە خۆی حەسەنە و مەرجەکانی حەسەنی تێدابووە

٤. فەرمودەی حسن لغیره: بە هۆی هیزی فەرمودەی تر و پالپشتی بە هێز بووە و گەیشتۆتە پلەی حەسەن

٥. فەرمودەی لاواز

**مانای بەیتەکە:** هەر چی فەرمودەی تر کە لە پایەی حەسەن دابەزێت بە لاواز دادەنرێت و ئەمەشیان زۆر جۆری هەیە.

**حوکمی کار پێکردن بە فەرمودەی لاواز:** لێرە ناکوکی هەیە لە نێو زانایان هەندێکیان بە گشتی کار کردن بە فەرمودەی لاواز رەت دەکەنەوە وەك ئیمامی بوخاری رەحمەتی خوای لێ بێت، هەندێکیش بە هەموو جۆریك فەرمودەی لاواز وەردەگرن و کاری پێ دەکەن و هەندێ زانای تریش بە هەندێ مەرج رێگەیان داوە بە، بەکارهێنانی فەرمودەی لاواز تەنیا لە بابەتی ئامۆژگاری و هان دان بۆ کارە چاکە کان: وەك ئیمامی ئەحمەد رەحمەتی خوای لێ بێت، مەرجەکانیش ئەمانەن:

١. فەرمودە کە پەیوەندی بە بواری الترغیب و الترهیب ەوە هەبێت واتە بۆ ئامۆژگاری و وەعز و ئیرشاد بە کار بێت و لەم بازنەیە ەرنەچێت.

٢. لاوازیەکەی زۆر گەورە نەبێت و نەچێتە خانەی ( موضوع و المنکر) واتە هەلبەستراوەکان

٣. ئەم فەرمودەیە بنچینەیەکی ڕاست و جێگیری هەبیت لە قورئان و سونەت بۆ نمونە ئەو فەرمودانەی کە هانی خوێندنەوەی قورئان دەدەن.

٤. ئەو کەسە بڕوای وانەبێت کە پێغەمبەری خۆشەویست صل الله علیه و سلم وای فەرمووە و هەروەها دەبێت هۆکاری لاوازی لە فەرمودەکەش ئامازەی پێ بدرێت.

## ٧- وما أضيف للنبي المرفوع وما لتابع هو المقطوع

### مرفوع

واتە هەر فەرمودەیەك سەنەدەکەی بگاتەوە پێغەمبەری خۆشەویست صل الله علیه و سلم پێ ی دەوترێت مرفوع.

مرفوع لە زمانەوانی: واتە بەرزکراوە، وە لە رووی زاراوەیی: هەر فەرمودەیەك کە بدرێتە پاڵ رسول الله صل الله علیه و سلم لە قسە و کردەوە و تقریر و ئاکار بە مرفوع دادەنرێت ئێنجا سەنەدەکەی کەی نەپچڕاو بێت یا پچڕانی تێدا بێت وەك ئەوەی مورسەل بیت واتە غەیری هاوەلان لە پیغەمبەرمان صل الله علیه و سلم ریوایەت بکەن.

مەبەستیش لە دانانی ئەو ووشەیە بۆ پێگە و پایە ی ئەو کەسەیە کە فەرمودەی پێ دەگات ئەویش خۆشەویستمانە صل الله علیه و سلم.[٨]

---

٨ المیسر في مصطلح الحدیث للغوری، لاثەرە ١٥١

## جۆرەکانی مرفوع:

١. مرفوع ی قولی: وەك گۆتەی هاوەلان رەزای خوایان لی بیت یا غەیری ئەوان: ( قال رسول الله صل الله عليه و سلم كذا...)

٢. مرفوع ی فعلی: وەك گۆتەی هاوەلان رەزای خوایان لی بیت یا غەیری ئەوان: ( فعل رسول الله صل الله عليه و سلم كذا...)

٣. مرفوع ی تقریری: وەك گۆتەی هاوەلان رەزای خوایان لی بیت یا غەیری ئەوان: ( فعل بحضرة النبى صل الله عليه و سلم كذا... و لا يروى إنكاره – عليه الصلاه و السلام – لذلك الفعل)

٤. مرفوع ی وصفی: وەك گۆتەی هاوەلان رەزای خوایان لی بیت یا غەیری ئەوان: ( كان رسول الله صل الله عليه و سلم أحسن الناس خلقا).

## حوکمی فەرموجەی مرفوع:

دەکرێت فەرمودەیەکی مرفوع صەحیح بێت یا حەسەن بێت یا لاواز بیت بە پێ ی هەبوون یا نەبوونی ٥ مەرجەکە.

## فەرمودەی مقطوع:

لە رووی زمانەوانی واتە پچراو و لە زاراوە دا واتە: ئەو فەرمودەی کە لە ڕووی قسە و کردار دەدرێتە پاڵ تابعینەوە.

تابعی: بریتیە لەو کەسەی کە بە هاوەڵێك یا زیاتر گەیشتووە ، بەلام پێغەمبەریان صل الله عليه و سلم نەبینیوە. و ابن صلاح دەفەرموێت بە ڕەهایی تابعی واتە ئەوەی بە ئیحسانەوە شوین کەوتووە. بۆیە ئەوانەی کە هاوەلانیان بینی بیت بەلام لە سەر ڕێچکە و بیر و باوەڕی ئەوان نەبووبن بە تابعی دانانرین وەك (معبد الجهنى) قەدەرەی کە موبتەدیع بووە.[9]

هۆکاری ئەو ناوەش ئەوەیە، کە قسە یا کردارەکە لە لای تابعین دەپچرێت و لە وانەوە تێناپەرێت.

## جۆرەکانی مقطوع:

١. مقطوع ی قولی: وەك قسەی ئیمام حسن ی بصری رەحمەتی خوای لێ بێت دەربارەی نوێژ کردن لە دوای موبتەدیع ( نویژەکەت بکە و بیدعەکەش لە سەر خۆی).

٢.مقطوع ی فیعلی: وەك قسەی ابراهيم بن محمد بن المنتشر: ( كان مسروق يرخى الستر بينه و بين أهله، و يقبل على صلاته، و يخليهم و دنياهم). مسروق تابعینە. واتە: مەسروق پەردەی لە نیوان و خۆی و ماڵ و منالی بەر ئەدایەوە و ڕووی لە نوێژەکەی دەکرد و ماڵ و منالەکانی لە گەل دونیاکەیان بە جێ دەهێشت.

## حوکمی فەرمودەی مقطوع:

ئەم جۆرە فەرمودەیە لە هیچ شتێك لە حوکمە شەرعیەکان دا کاری پێ ناکرێت تەنانەت گەر ئەم ووتە یا کردارە کە دراوەتە پاڵ خاوەنەکەی راستیش بێت، لە بەر ئەوەی ئەمە قسە و کردەوەی یەکێکە لە موسلمانەکان. بەلام گەر قەرینەیەك هەبوو

---

[9] سامسونية في شرح البيقونية، أبو عبدالله ليث الحيالي، ص. ٢٨

کە رفع بوونەکەی بسەلمێنیت وەك قسەی هەندێ لە ڕاویەکان کاتی ناوهێنانی تابعی دەلین ( یرفعە) ئەوا لێرە دا حوکمی فەرمودەی مەرفوعی مورسەل وەردەگرێت واتە بەرزی دەکاتە وە بۆ لای پێغەمبەرمان صل الله علیە و سلم، بەلام ناوی هاوەلە کە نەهاتووە.

٨- والمسند المتصل الإسناد من راويه حتى المصطفى ولم يبن

## مسند

مسند: بە فەتحی سین واتە ئەو سەنەدەی کە نەپچڕاوە، لە ڕاویەکە وتا دەگاتە پێغەمبەری خۆشەویست صل الله علیە و سلم.

**و لم یبن ( لە ناو بەیتەکە):** واتە سەنەدەکە نەپچراوە، و ئەمەش مانای وانیە کە هەر فەرمودەیەکی مسند صەحیح بێت تەنیا لە بەر ئەوەی سەنەدەکەی نەپچڕاوە، لە ڕاویەکەی تا پێغەمبەرمان صل الله علیە و ، لە بەر ئەوەی لەوانەیە هەندێ لە ڕاویەکان لاواز یا نەناسراو بن بۆیە هەر فەرمودەیەکەی دصحیح، مسند نیە و هەر فەرمودەیەکی مسند مەرج نیە صەحیح بێت وەك فەرمودەی مەوقوف کە صەحیح بێت ناگاتە پێغەمبەرمان صل الله علیە و سلم، و لە لای هاوەلان سەنەدەکە ڕادەوستیت، بەلام لە گەل ئەوەش صەحیحە چونکە ڕاویەکان هەمویان عدل و جیگای متمانەن.[١٠]

٩- وما بسمع كل راو يتصل إسناده للمصطفى فالمتصل

## متصل

لیرە دا متصل بە پیێ ی مەبەستی دانەری ئەم مەنزومەیە، بریتیە لە مەرفوع کاتێك هەر ڕاویەك بە شێوازی سەماع واتە بیستن لە سەروی خۆی وەرگرتووە تا پێغەمبەرمان صل الله علیە و سلم.[١١]

لە بەیتی ٨ و دا، ٩ مەبەستی ئیمامی بەیقونی رەحمەتی خوای لێ بێت، بەردەوامی شیکردنەوەی فەرمودەی مەرفوعە لە بەیتی ٧ و جیا کردنەوەی لە فەرمودەی مقطوع.

---

١٠ مختصر شرح منظومة البيقونية، محمد حسن نورالدين اسماعيل ص: ١٥

١١ بروانە سەرچاوەی پێشوو

١٠- مسلسل قل ما على وصف أتي مثل أما والله أنبانـي الفتى
١١- كذاك قد حدثنيه قائما أو بعد أن حدثني تبسما

## مسلسل

فەرمودەی مسلسل: بریتیە لەو فەرمودەی کە هەر ڕاویەك بە شێوەیەك ، یا لە حالەتێکی دیاریکراو وەریگرتووە و بە هەمان ئەم شێوە و حالەتەش وەك خۆی بۆ ڕاوی تر ریوایەت دەکەن. لە م بەیتە باس لە وەصف دەکات وەك ئەوەی سوێند بخوات بلی (واللە) پیاوەکە ئاوهای پێ راگەیاندین. یا بە وەستانەوە لە سەر پێ فەرمودەی بۆ گیرامەوە یا دوای ئەوەی بۆی گێڕامەوە زەردەخەنەیەکی کرد. لە بە ناوبانگ ترین فەرمودەکانی مسلسل کە لە نێو زۆربەی هەرە زۆری مەجالسی ریوایەت بەو فەرمودەیە دەست پی دەکات فەرمودەی ( المسلسل بالأولية) یە ( الراحمون يرحمهم الرحمن، إرحموا من في الأرض يرحمكم من في السماء) و حديث (المسلسل بالمحبة) یە کە معاذ دەگێرێتەوە ( إني أحبك في الله...).

١٢- عزيز مروي اثنين أو ثلاثة مشهور مروي فوق ما ثلاثة

## عزیز

دانەری مەنزومە ، ڕەحمەتی خوای لێ بێت، لەم بەیتە دا باس لە دوو جۆرە فەرمودە دەکات، ئەویش عزیز و مەشهورە، کە لەم مەنزومەیە دەکاتە جۆری نۆیەم و دەیەم، لە و سی و دوو جۆر فەرمودەی کە تیایدا باس کراوە.

**عزیز**: لە زمانەوانی: لە (عز) هاتووە واتە سەربەرزی، بەلام لە زاراوە: بریتیە لەو فەرمودەی کە دوو ڕاوی لە دوو کەسی تر یا سێ کەس ئەوانیش لە دوو کەسی تریا سێ کەس فەرمودەکە بگێرنەوە هەتا دەگاتە کۆتایی سەنەدەکەی. لێرەدا، دانەر بە مەرجی دانەناوە کە مەرفوع بێت بەلکو دەکرێت ئەم جۆرە مەرفوع یا مەوقوف بێت.[١٢]

بۆئەمە مەبەستەش، بە عزیز ناو نراوە لە بەر ئەوەی دوو ڕاوی یا سێ کەس، لە هەر توێژێك ڕیوایەت دەکەن، ڕیوایەتەکە بە هێز دەکەن، و چەندی ژمارەی ڕاویەکان لە هەر توێژێك زیاتر بیت، ئەوەندە سەنەدی فەرمودەکە ی پێ بە هێز دەبێت.

## مشهور

ومشهور: لە زمانەوانی: واتە بە ناوبانگ، و لە زاراوە: بریتیە لەو فەرمودەی کە زیاتر لە سێ ڕاوی لە هەر تەبەقەیەك فەرمودەیەك بگێرنەوە.

---

١٢ شرح المنظومة البيقونية لابن عثيمين، ص.٦٧

**تێبینی:** بەلام مشهورێکی تریش ، ئەویش فەرمودەیەکە کە لە ناو خەلکی یا لە نیو زانایان بەناوبانگە، بە بێ تەماشاکردنی سەنەدەکەی کە ئەمە جۆرێکی فەرمودە نیە، بەلکو هەر فەرمودەیەك کە لە ناو خەلکی یا زانایانی شەرعزان بە ناوبانگ بێت، بە هۆی ناوبانگەکەی پێ ی دەلین مشهور، وەك فەرمودەی ( لا يقاد الوالد بولده) واتە باوك گەر منالەکەی بکوژێت بە قیساس ناکوژرێتەوە. هەندێ لە زانایانی بواری فیقە، کار بەم جورە فەرمودە بەناوبانگانە دەکەن تەنانەت گەر سەنەدیشیان نەبیت.[13]

بەلام هەروەك ووتمان مەبەست لە فەرمودەی مەشهور، لە زانستی فەرمودە ناسی ئەو فەرمودەیە کە لە سەنەدەکەی لە هەر تەبەقەیەك زیاتر لە سێ کەس فەرمودەکە ڕیوایەت بکەن.

مەرجیش نیە، هەر فەرمودەیەکی عزیز یا مشهور صەحیح بێت، بەلکو چەندە ڕاویەکان زۆریش بن تەنیا تەماشای عەدالەت و متمانە پێکرانیان دەکرێت، گەر لاواز بوون سەنەدی فەرمودەکەش پێ لاواز دەبێت.

**١٣ـ معنعن كعن سعيد عن كرم ومبهم ما فيه راو لم يسم**

## معنعن و مؤنن

**فەرمودەی معنعن:** واتە بە بەکارهینانی دەستە واژەی (عن) دەگێردرێتەوە. وەك ئەوەی ڕاوی بلێت: عن نافع عن ابن عمر ... یا خود بلێت: (حدثني فلان عن فلان). وەك لە بەیتەکە هاتووە سعید لە کەرەم بگێرێتەوە بە بەکارهینانی ووشەی (عن) و جۆرێکی تریش هەیە کە بە فەرمودەی ( مؤنن) بە ناوبانگە واتە لە جیاتی (عن) ووشەی (أن) بە کاربهێنرێت بۆ دەربڕینی وەرگرتنی فەرمودەکە لە مامۆستاکەی. کە ئەم دوو جۆرە لە حوکم وەك یەك وان. لە ڕاستیدا ووشەی ( عن) پێ ی دەوتریت صیغەی تمریض واتە دەرربڕینی نەخۆش، واتە دەربڕی لاوازی وەرگتنی فەرمودە یە، واتە لە وانەیە ڕاویەکە فەرمودەی لە مامۆستاکەی بیستبیت یا خود نەی بیستبێت.

## حوکمی معنعن و مۆنن

حوکمی ئەو جۆرە گێڕانەوەیە ئەوەیە، کە بە سەماع واتە بیستن لە قەلەم دەدرێت، جگە لە و حالەتەی کە ڕاویەکە بە تەدلیس بە ناوبانگ بێت. تەدلیس یش چەند جۆری هەیە و هەریەکە و پێناسەی خۆی هەیە بەلام بە کورتی و بە گشتی تەدلیس، واتە شاردنەوەی هۆکارێك لە ڕیوایەت کردنەکە . تەدلیسیش دواتر باسی لێوە دەکرێت. بۆیە فەرمودەی (معنعن) لە کەسێك کە بە تەدلیس بە ناوبانگ نەبێت وەردەگیرێت و بە سەماع لەقەلەم دەدرێت. بەلام بۆ دلنیایی و پاراستنی فەرمودەکانی پێغەمبەرمان صل الله علیه و سلم، کەسێك کە بە تەدلیس بە ناوبانگە و بە (عنعنە) ریوایەت دەکات ڕیوایەتەکەی وە لا دەنرێت لە بەر

---

[13] شرح محمد حسن إسماعيل. ص ١٦

ئەوەی لە وانەیە ئەو (عن) ە بۆیە بە کارهێنرابێت کە لاوازی ڕاویەکی تر بشارێتەوە. ئەمەش یەکێکە لەو ڕێکارانەی فەرمودەناسان بۆ پاراستنی سونەتی پێغەمبەرمان صل الله علیه و سلم گرتویانەتە بەر.

## مبهم

**فەرمودەی مبهم:** وەك لە بەیتەکە دا هاتووە ئەو فەرمودەیە کە ڕاویەك لە ناو سەنەدەکە باسی لێوە کراوە، بە بێ ئەوەی ناوی بهێنرێت. وەك فەرمودەی ئەنەس – ڕەزای خوای لی بیت- ووتی: ئەعرابیەك لە ڕۆژی هەینی لە کاتی ووتار خوێندنەوەی پیغەمبەر صل الله علیه و سلم هاتە ژوور... لێرە ناوی کەسەکە دیار نیە.

## حوکمی فەرمودەی مبهم:

ئەم فەرمویە وەرناگیرێت هەتاوەکو ئەو نادیاریە ڕوون نەبێتەوە، لە بەر نەزانینی حالی ئەو کەسە ئاخۆ متمانە پێکراو و دامەزراوە لە گێرانەوە یا نە. بەلام گەر نادیارەکە وەك لە نموونەی پێشوو صەحابی بوو ئەوا کێشە نیە لە بەر ئەوەی هەموو هاوەلان ڕەزای خوایان لێ بێت ڕاستگۆ و جێگای متمانەن بە شایەتی خوای تعالى لە قورئان: ( وكلا وعد الله الحسنى و الله بما تعملون خبير) الحديد ١٠.[١٤]

**١٤- وكل ما قلت رجاله علا وضده ذاك الذي قد نزلا**

## ئیسنادی عالی و نازل

لەم بەیتە دانەر ڕەحمەتی خوای لی بیت، باسی (اسناد العالی و النازل)، دەکات واتە ئیسنادی بالا و نزم. مەبەستیش لە ئیسنادی باڵا ئەوە یە ئیسنادەکە لە ڕووی ژمارە وە، کەمترین ژمارەی ڕاوی تێدایە، هەرچەندە ژمارەی ڕاویەکان کەمتر بێت ، ئیسنادەکەش ئەوەندە عالی تر دەبێت، و بە پێچەوانەوە، بە زیاد بوونی ژمارەی ڕاویەکان، ئیسناد، نازل واتە نزم دەبێتەوە. هەندێ لە زانایان پێ یان وایە دوو جۆرە (علو الاسناد )، هەیە: یەکێکیان لە ڕووی ژمارە وەك لە بەیتە کە هاتووە و شی کرایەوە، و ئەوی تر لە رووی سیفەت، واتە پیاوەکانی ناو سەنەدەکە لە ڕووی پلە و پایە و متمانە بەرزتر بن لە پیاوانی سەنەدێکی تر.

بە گشتی هەرچەندە گەیشتن بە ئیسنادی بالا هیوای هەموو ڕاویەکە، بەلام خۆی لە خۆیدا ئیسنادی بالا، نابێتە هۆی بەرز کردنەوەی پلەی فەرمودەیەکی لاواز. لە وانەیە فەرمودەیەك ئیسنادی بالا بێت بەلام ڕاوی لاوازیان لە ناو بێت یا نادیار بێت.

گەر هەموو ڕاویەکان ڕاستگۆ و جێکای متمانە بن، و ژمارەیان کەم بیت، ئەوا زۆر باشە و ئیمامی ئەحمەدی حنبل فەرمویەتی: ئیسنادی بالا سونەتی پیاوچاکانی پیشوو بووە و عەلی مە دینیش دەفەرموێت: نزم بوون( واتە لە ئیسناد) نەگریسە.[١٥]

---

[14] شرح المنظومة البيقونية لابن عثيمين، ص.٧٣

[15] شرح محمد حسن إسماعيل. ص ١٧

**١٥- وما أضفته إلى الأصحاب من قول وفعل فهو موقوف زكن**

## موقوف

دانەر لێرەو لەم بەیتە دا باس لە فەرموودەی موقوف دەکات.

وەك پیشتریش ئاماژەیەکمان پێدا، فەرمودەی موقوف بریتیە: لە و فەرمودەی دەدرێتە پاڵ صەحابی نەك پیغەمبەر صل الله علیه و سلم. ئەو فەرمودەیەش کە دەدرێتە پاڵ هاوەلێك یا قەولیە یا فیعلی.

## پیناسەی هاوەل (صحابی):

هاوەڵ ئەو کەسەی کە بە پیغەمبەری خوا صل الله علیه و سلم گەیشتووە ئیمانی پێهیناوە و لە سەر ئیمانیش وەفاتی کردووە. بۆیە ئەم پێناسەیە وورده و مەرجی بینین دانەنراوە، بەلکو گەیشتن بە مەرج دانراوە، لە بەر ئەوەی هەندێ لە هاوەلان رەزای خوایان لێ بێت، لە خزمەت پێغەمبەرمان بوون صل الله علیه و سلم، بەلام نەیان توانی ڕوخساری موبارەکی صل الله علیه و سلم ببینن لە بەر ئەوەی نابینا بوون. هەروەها مونافیق و هەلگەراوەکانیش لێ ی دەردەچن چونکه برِوایان پێ نەهێناوە یا دوای برِواهێنان هەلگەرِاونەتەوە و لە سەر ئیمان نەمردوون. پێ گەیشتنەکەش گەر تەنانەت چرکەیەك بێت ئەوا مەرجی هاوەلێتی پێ دێتە دی.

## حوکمی فەرمودەی موقوف:

گەر فەرمودەکە بریتی بێت لە هەوالیکی غەیبی وەك ئەحوالی رۆژی قیامەت و کۆتا زەمان، یا پەیوەست بێت بە عیبادات کە مەجالی ئیجتیهاد کردن تیایدا نیە، ئەوا بە مەرفوعی حوکمی دادەنرێت، واتە حوکمەکەی حوکمی مەرفوعە چونکە هیچ هاوەلیك لەم جۆرە کاروبارە بە زانینی خۆی فەتوا نادات و دیارە لە بارەیەوە لە پێغەمبەری خوا صل الله علیه و سلم، شتێکی بیستووە بە لام ئاماژە ی پێ ناکات.

**١٦- ومرسل منه الصحابي سقط وقل غريب ما روى راو فقط**

## مرسل

دانەری مەنزومە رەحمەتی خوای لی بیت، بۆیە لە بەیتی پێشوو باسی لە فەرمودەی موقوف کرد و کاتی خۆی لە تەك مرفوع و مقطوع باسی لێوە نەکرد، بۆ ئەوەی بیخاتە تەك فەرمودەی مورسەل لە بەر ئەوەی هەردوکیان پەیوەندیان بە هاوەلان ( صحابی) هەیە رەزای خوای گەورە لە هەر هەمووان بێت.

وەك لە بەیتەکە دا هاتووە، فەرمودەی مورسەل: ئەو فەرمودەیە کە لە سەنەدەکەی ناوی هاوەلەکە کەوتووە واتە تابعی راستەوخۆ لە پێغەمبەری خوا صل الله علیه وسلم، دەگێرێتەوە و ناوی واسیتەکە ناهێنێت.

**مورسەل لە رووی زمانەوانی واتە:** ڕەها بە واتایەکی تر واتە سەرەکەی ئیسناد کراوەتەوە و گرێ نەدراوە.

## حوکمی فەرمودەی مرسل:

بە گشتی ئەم جۆرە فەرمودەیە لە جۆری فەرمودەی لاواز هەژمار دەکرێت. بەلام لە ڕاستیدا هەموو فەرمودەیەکی مورسەل لاواز نیە. بۆ نمونە، گەر هاوەلێك لە پێغەمبەرمان صل الله علیه و سلم، فەرمودەیەك بگێرێتەوە کە لێ ی نەبیستبێت بەلکو لە هاوەلێکی تری بیستبێت، بەلام ناوی نەهێنێت و یەکسەر لە پیغەمبەرمان صل الله علیه و سلم، بگێڕێتەوە، یا ئەو کاتە منال بووە و ئیرسال کردنی هاوەلانیش کیشە نیە چونکە هەموویان ڕاست و جێگای متمانەن. مەراسیلی تابعینەکانیش هەمویان لە یەك پلە نین بەلکو مەراسیلی هەندێ لە گەورە تابعینەکان وەك سعید ابن مسیب رەحمەتی خوای لێ بێت لە لایەن هەندێ لە زانایان وەردەگیرێت.

## غریب

**فەرمودەی غریب:** لە رووی زمانەوانی لە دووری یەوە دیت، و لە ڕووی زاراوەیی: بریتیە لە و فەرمودەی کە تەنیا یەك کەس ڕیوایەتی بکات لە بنچینەی سەنەدەکە ( واتە صحابی بیت) یا لە ناو سەنەدەکە و لە یەك تەبەقە یا زیاتر هەر یەك کەس بێت. وەك فەرمودەی بەناوبانگی ( انما الاعمال بالنیات) کە ئیمامی عومەر ڕەزای خوای لێ بێت بە تەنیا ڕیوایەتی دەکات و بێجگە لەو لە سێ تەبەقەی تریش هەر تەنیا یەك ڕاوی ریوایەتی دەکەن. هەرچەندە غەریب بوون گومان لە سەر لاوازی فەرمودەیەك دروست دەکات بە لام مەرجیش نیە و ناکرێتە بنەما وەك فەرمودەی سەرەوە کە فەرمودەیەکی صەحیح ە و زۆر گرنگە و بنەمای زۆر حوکمی شەرعیە.[١٦]

| ١٧ـ وكل ما لم يتصل بحال | إسناده منقطع الأوصال |
|---|---|

## فەرمودەی منقطع: واتە پچڕاو

فەرمودی منقطع بە چەند واتا دێت یا خود پچرانەکە بە گوێرەی شوێن و ژمارەی راویەکان ناوی جیاوازی هەیە:

١. لەم بەیتە دیارە کە ئەو فەرمودەی کە لە نێو سەنەدەکەی دا هەر پچرانێك هەبوو ئەوا بە منقطع واتە پچراو دادەنرێت. و هەر جۆرە پچرانێك ناویکی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ نموونە گەر صەحابی تیا نەبوو ئەوا مورسەلە و هی تریش معضل و معلق کە دواتر باسیان لێوە دەکرێت. واتە بە پێ ی کەس و شوین و ژمارەی پچرانەکان ناوی فەرمودەکە

[١٦] بروانە سەرچاوەی پیشوو. ص. ١٨

دەگۆڕیت بە لام هەر هەموویان دەچنە ناو خانەی فەرمودەی منقطع. بۆیە پەیوەندی نیوان منقطع و جۆرەکانی تری فەرمودە پچڕاوەکان پەیوەندی عام و خاصە.

## جۆرەکانی پچڕان:[17]

٢. پچڕان لە سەرەتای سەنەد واتە لەو شوینەی کە دانەری کتابەکە خۆی و سەنەدەکەی دەست پێ دەکات بەم جۆرە یان دەوتریت: معلق و دەکرێت یەك کەس یا زیاتریش وون بێت و موعەلەقاتی بوخاریش حوکمەی ئەوەیە کە صەحیح و دروستن گەر بە دەستە واژەیەك دەربڕێت کە دلنیایی پیوە بێت وەك (قال فلان).

٣. پچڕان لە کۆتایی سەنەد، واتە صحابی پێ ی دەووترێت: مورسەل

٤. پچڕان لە شوێنی تر لە ناو سەنەدەکە گەر تەنیا یەك کەس بوو تەنانەت گەر لە یەك تەبەقەش بێت پێ ی دەووترێت: المنقطع.

٥. پچڕان لە ناو سەنەد، گەر دوو کەس یا زیاتر لە دوای یەك بێت، پێ ی دەووترێت: المعضل

٦.

## حوکمی فەرمودەی منقطع واتە پچران:

فەرمودەی منقطع چ ئەو فەرمودەی کە لە ناو سەنەد یەك کەس پچڕانی تیا بێت یا بە گشتی بە هەموو جۆرە کان بووترێت حوکمی ئەوەیە کە دەربڕی لاوازی سەنەدەکەیە.

| ١٨ ـ والمعضل الساقط منه اثنان | وما أتى مدلسا نوعان |
|---|---|

## معضل


معضل: لە زمانەوانی: اسم مفعول ھ لە (اعضل) واتە بێ تاقەتی وەرگیراوە و لە زاراوە دا: بریتیە لە و فەرمودەی کە لە سەنەدەکەی دوو کەس یا زیاتر یەك لە دوای یەك کەوتبێت. گەر پچڕانەکە، یەك لە دوای یەك نەبیت، واتە لە شوینی جیاواز بێت دەبێتە منقطع.

جەوزەجانی دەفەرموێت: فەرمودەی معضل خراپترین جۆرەکانی (منقطع) واتە پچڕانە، و منقطع یش حالەکەی لە مورسەل خراپترە و مورسەلیش بە بەلگە ناهێنریتەوە.[18]

[17] بروانە سەرچاوەی پیشوو. ص. ١٩

[18] سامسونية في شرح البيقونية، أبو عبدالله ليث الحيالي، ص. ٦٣

## شیکاری فەرمودەی معضل: ( تیبینی شوینی پچرانەکە بکە)



## جۆەکانی تدلیس:

**و دەڵێت ( و ما أتى مدلسا نوعان) واتە تەدلیس دوو جۆری هەیە:**

| | |
|---|---|
| ١٩- الأول الإسقـاط للشيخ وأن | ينقل عمن فوقه بعن وأن |
| ٢٠- والثاني لا يسقطه لكن يصف | أوصافه بما به لا ينعرف |

**سەر ەتا تدلیس لە زمانەوانی: اسم مفعولە لە تەدلیس لە (دلس ) ەوە هاتووە واتە: تاریکی، و تەدلیسیش، شاردنەوەی عەیبی کاڵایە لە موشتەری وەك پێشتریش باسمان کرد، بە گشتی واتە شاردنەوەی کەم و کوریەك، یاخود جوان کردنی سەنەدەکە.**

**دیارە دانەری مەنزومە رەحمەتی خەای لێ بێت، ئاماژە بە وە دەکات کە تەدلیس دوو جۆری هەیە و لە بەیتەکانی ١٩، ٢٠ دا باسیان لێوە دەکات: ئەویش (تدلیس الاسناد و تدلیس الشیوخ) ە.**

### ١. تدلیس الإسناد:

**کاتێك ڕاوی لە کەسێك بگێرێتەوە کە هاو سەردەمی خۆیەتی یا پێ ی گەیشتووە بەلام لێ ی نەبیستووە بە شێوازیك، وادەکات بیربکەیتەوە کە لێ ی بیستووە، بە دەستە واژە ی قال فلان، یا عن فلان بە بێ ئەوەی بە ڕاشکاوی بلێت لێم بیستووە. تەدلیس ی اسنادیش خۆی دەبێتە جۆر:**

أ. **تدلیس التسویه:** قرتاندنی ڕاویەك لە نێوان دوو کەسی جێگای متمانە، کە یەکێکیان لە وی تری بیستووە. و ئەو کەسانەش کە ئەم جۆرە تەدلیسە یان کردووە: الولید بن مسلم و بقیه الولید. ئەم جۆرەش بە خراپترین جۆری تەدلیس دادەنرێت لە بەر ئەوەی لاوازی ڕاویەکە وون دەکات و دەشارێتەوە

ب. **تدلیس ی عطف:** وەك ئەوەی ڕاوی بلێت: حدثنا حصین، و مغیرە عن ابراهیم و ڕاوی تەنیا لە حصین ی بیستبێت و هیچ ی لە مغیرە نەبیستبێت تەنیا ناوی بداتە پاڵ ناوی کەسی یەکەم.

ت. **تدلیس ی قطع:** واتە دەستەواژەی وەرگرتن و بیستن لا ببات و تەنیا ناوی ڕاویەکانی تر بهێنێت، وەك ئەوەی بلێت الزهری عن أنس.

## ٢. تدليس الشيوخ:

کاتێك ڕاوی لە شێخێك بگێڕێتەوە کە لێ ی بیستووە، بەلام بە شێوەیەك ناوەکەی دەهێنێت، یا بە کونیە و لەقەب ناوی بهێنێت، بۆ ئەوەی کەس نەزانێت مەبەستی کێ یە. وەك لە جیاتی هێنانی ناوی( عبدالله بن المسور الهاشمی) کە کەسێکی لاوازە بلێ (عن أبو الهاشم) یاخود (عن عبیدالله الهاشمی ).

**تێبینی:** تەدلیس بە زۆری لە سەنەدە بەلام لە دەق واتە (متن) حەرامە و بە (ادراج) واتە زیادکردن لە دەق دادەنرێت. و هەر زیادەیەك لە دەق، بۆ نموونە بۆ شیکردنەوە، دەبێ ئاماژەی پێ بدرێت کە قسەی خۆیەتی و پەیوەندی بە بنچینەی دەقەکەوە نیە.

## هۆکارەکانی تدلیس:

١. لاوازبوونی ئەو ڕاویەی کە فرتێنراوە.
٢. بچووك بوونی تەمەنی ڕاوی، تەنانەت گەر جێگای متمانە ش بێت.
٣. هەبوونی ناکۆکی لە نێوان ئەو کەسەی تەدلیس دەکات و لە نێوان راویەکەدا.
٤. بۆ ئەوەی وا پیشان بدرێت کە سەنەدەکە باڵایە واتە عالیە.
٥. لە بەر هۆکاری سیاسی، وەك ئەوەی حسن ی بەسری رە حمەتی خوای لێ بێت لە سەردەمی بەنی ئۆمەیە ناوی علی کوری ئەبی تالیبی دەشاردەوە رەزای خوای لێ بێت.[١٩]

## حوکمی تدلیس:

مەکروهە، واتە زۆر نەویستراوە و زۆربەی زانایان بە خراپی باسیان لێوە کردووە بە تایبەت تەدلیس ی تەسویە. تەدلیس ی شیوخ ، نەویستراوبوونی کەمترە. تەدلیس یش گومان دروست دەکات و دەبێتە هۆکاریك بۆ لاواز کردنی سەنەدی فەرمودە، و تەنیا لەو کەسە چاوپۆشی دەکرێت کە تەنیا لە و کەسانە تەدلیس دەکەن کە جێگای متمانەن ، وەك سفیان ابن عیینە کە ئەمەش ڕای زۆرینەی زانایانە.

## جیاوازی لە نیوان تدلیس ی اسناد و مرسل خفی:

ئەوەیە کە لە تەدلیس ی اسناد، ئەو کەسەی تەدلیسی لێ دەکات فەرمودەی تری لێ بیستووە بەلام ئەم فەرمودەی لێ نەبیستووە، بەلا م لە (ارسال خفی) ئەو کەسە هەرچەندە هاو سەردەمیەتی و تەنانەت پێشی گەیشتووە بەلام هیچ فەرمودەی لێ نەبیستووە.

---

[١٩] سامسونیة في شرح البیقونیة، أبو عبدالله لیث الحیالي، ص. ٦٩

هەردوكیان، لەمە یەك دەگرنەوە، كە هیچ كامیان لەم كەسە ئەو فەرمودەی نەبیستووە بەلام مودەلیس، هەر نەبێت هەندێ فەرمودەی تری جگە لەم فەرمودەیە لێ بیستووە، بەلام مورسەل خەفی، هیچی لێ نەبیستوە. بۆیە تەدلیس الاسناد زۆر وورده و جیاكردنەوەی سەخت ترە و شوكر بۆ خوای تعالى، زانایانی ڕخنە گری فەرمودەناس ی شارەزا و پسپۆر، وەك موو لە ماستیان هەلكێشاوە و ڕوونیان كردۆتەوە و عیلەتەكەیان دەرخستووە و لله الحمد و المنه.

لە بەیتی ١٩ باسی تدلیس ی اسناد دەكات، كە بە جارێك ڕاویەك شێخێك دەقرتێنێت و بە دەستە واژەی لاواز و نەخۆشی (عن و ان )، لە سەرووی ئەم شێخە كە ناوی قرتاوە ریوایەت دەكات. لە بەیتی ٢٠ دەلێ ناوی شیخەكەی نەقرتاندووە بەلام بە وەصف و ئاكارێك یا كونیە و لەقەبێك یا ناوی عەشیرەت و وولات، ناوی دەهێنێت تا خەلك نەیناسێتەوە.

## ٢١ ـ وما يخالف ثقة فيه الملا فالشاذ والمقلوب قسمان تلا

## شاذ

لەم بەیتە دا دوو جۆری تر دەكرێت لە جۆرەكانی فەرمودە كە هیچ پەیوەندیەكیان بە یەكترەوە نیە ئەویش ( شاذ) و ( مقلوب)ە.

**شاذ:** یا نامۆ لە زمانەوانی لە (تفرد) دێت واتە پێچەوانەی زۆرینەی خەلك

لە رووی زاراوەیی: واتە ئەوەی كەسێك بگێرێتەوە كە خۆی جێگای متمانە بێت بە لام بە پێچەوانەی كەسێك یا كەسانێك بگێرێتەوە كە لە خۆی جێگای متمانە تر و دامەزراو تر بن لە رووی ژمارە یا عەدالەت یا لە بەر كردن. ئەم جۆرەش، جیاوازی لە گەل (منكر) دا ئەوەیە كە ( منكر) كەسێك كە جێگای متمانە نیە پێچەوانەی كەسێك كە جێگای متمانەیە فەرمودەیەك دەگێرێتەوە.

فەرمودەی (شاذ) پێچەوانەكەی یا بەرامبەرەكەی ( محفوظ) ە واتە كاتێك كەسێك كە جێگای متمانە تر بیت پێچەوانەی كەسێك بگێرێتەوە كە لە خۆی نزمترە لە كەسانی جێگای متمانە، ئەوا پێ ی دەلێن محفوظ. واتە كاتێك ریوایەتی دوو كەس كە هەردوكیان جیگای متمانەن پێچەوانەی یەكتر دەبێت، جیاوازیەك هەیە لە ریوایەتەكانیان بەلام یەكێكیان زیادتر جێگای ، ئەوا ریوایەتی كەسی جێگای متمانەی زیاتر دەبێتە محفوظ و هی ئەویتریان دەبێتە شاذ.

كەسی جیگای متمانە ⟺ كەسی جیگای متمانە تر

( شاذ) ( محفوظ )

كەسی لاواز ⟺ كەسی جیگای متمانە

( منكر) ( معروف )

## جۆرەکانی شاذ واتە نامۆ

**نامۆیی دووجۆری هەیە:** هەبوونی نامۆیی لە دەق و نامۆیی لە سەنەد.

**نامۆیی لە دەق:** وەك گێرانەوەی أبو داود و تورمزی لە عبدالواحد بن زیاد، عن الأعمش، عن أبی صالح، عن أبی هریره: مرفوعا: " إذا صلی أحدکم رکعتی الفجر، فلیضطجع علی یمینة". واتە هەر کاتێك یەکێك لە ئێوە دوو رکاتەکەی بەیانی کرد با لە سەر لاڕاستەکەی پاڵ بکەوێت.

بەیهەقی دەڵێت: ( عبدالواحد) لەمەدا پێچەوانەی زۆر کەسی تری کردووە. لە بەر ئەوەی بە پێ ی ریوایەتی خەلکی تر ئەمە لە کردەوەی پیغەمبەری خوا صل الله علیه و سلم، دەگێرنەوە نەك لە قسەکەی.

هەندێ جاریش نامۆیی هەم لە دەق و هاوکات لە سەنەدیش هەیە پێکەوە بۆ نمونە:

قال الإمام أحمد فی مسنده حدیث ( ٧٦٠١): " حدثنا عبدالرزاق، أخبرنا معمر، عن الزهری، عن سعید بن المسیب، عن أبی هریره، قال: سئل النبی صل الله علیه و سلم عن الفأره تقع فی السمن فقال: " إن کان جامدا، فألقوها و ماحولها، و إن کان مائعا فلا تقربوه". واتە پێغەمبەری خوا صل الله علیه و سلم دەربارەی مشك گەر بکەوێتە ناو ڕوون فەرموی: گەر ڕوونەکە بەستی بوو ئەوا خۆی و دەورادەورەکەی فڕێ بدەن و گەر ڕوونەکە ڕۆن بوو ئەوا نزیکی مەکەون.

ئەم فەرمودەیە، پیاوەکانی جێگای متمانەن، پیاوی دوو شیخەکەن ( بوخاری و موسلیم)، کە لیێان دەگێرنەوە، بەلام (معمر) لە سەنەدەکەی هەلەی کردووە بە جۆریك لە زوهری لە ابن مسیب لە ئەبو هورەیرە دەگێرتەوە، بەلام قوتابیەکانی زوهری پێچەوانەی ئەو دەگێرنەوە بەم شیوەیە: لە زوهری لە عبیدالله بن عبدالله بن عتبە لە ابن عباس رەزای خوای لی بیت لە میمونە، هەروەها لە دەقەکەش هەلەی تیدایە لە بەر ئەوەیزیادەی هەیە و ئەو زیادەیەش نامۆیە ( و إن کان مائعا، فلا تقربوه) و ئەم زیادەیە لە صحیح ی بوخاری دا نەهاتووە.[٢٠]

## حوکمی شاذ واتە نامۆ:

لاوازە بە پێچەوانەی (محفوظ) کە جێگای قبوڵ کردنە.

**تیبینی:** جیاوازی هەیە لە نێوان فەرمودەی نامۆ و (زیادة الثقة)، لە بەر ئەوەی ئەو بە شەی کە کەسێکی متمانە تیایدا جیاواز لە کەسی لە خۆ متمانە تر ریوایەت دەکات دەکات پێچەوانەی دەقی ئەوانەوە واتا دەگەینێت. بەلام گەر کەسێك یا زیاتر لە

---

[٢٠] سامسونية في شرح البيقونية، أبو عبدالله ليث الحيالي، ص. ٧٤

کەسانی جێگای متمانە، زیادەیەك لە ریوایەتەکەیان هەبێت کە لە ناو ریوایەتی ئەوانی تر دا نەهاتوە و واتای پێچەوانەش نەگەینێت ئەوا دەبێتە زیادەی کەسی متمانە و بە گشتی لای زۆربەی فەرمودەناسان جێگای وەگرتن و پێ قایل بوونە.

لە بەشی دووەمی ئەم بەیتە باسی فەرمودەی مەقلوب واتە سەراوژێر دەکات کە هیچ پەویوەندی بە فەرمودەی نامۆ نیە تەنیا لە بەیتەکە جیگایان بۆ کراوەتەوە.

## فەرمودەی مقلوب و اتە سەراوژێر:

لە زمان مقلوب  اسم مفعولە لە قلب واتە شتێك بە شتێکی تر بگۆریەوە

و دوو جۆریشی هەیە: سەراوژێر کردن لە دەق و سەراوژێر کردن لە سەنەد.

................................ وَٱلْمَقْلوبُ قِسمَان تَلا

٢٢ إِبْدَالُ رَاو مَابِرَاو قِسْمُ وَقَ لب إِسناد لِمَتْنٍقِسْمُ

گۆرینی ڕاویەك بە یەکێکی تر، یا زیاتر لە ڕاویەك ، یا خود هەموو سەنەدەکە، بریتیە لە سەراوژێر کردنی سەنەد و ئەم جۆرەش بۆ چەند مەبەست دەکرێت:

- بە ئەنقەست بە مەبەستی ئەوەی نامۆ بێت بە درۆ، ئەمەش کاری درۆزن و ئەوانەیە کە فەرمودە هەلدەبەستن وەك : حماد بن عمرو النصیبی.
- بە ئەنقەست وا بکریت بۆ تاقی کردنەوە، ئەمەش شعبە زۆر وای دەکرد بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی لە بەر کردنی ڕاویەکان.
- سەراوژێر کردن بە هەلە.

هەندێ جار پیش و پاش دەکرێت لە ناوی راوی و باوکی وەك ( مرة ابن کعب و کعب  ابن مرة).

## جۆری دووەمیان سەراوژێر کردنە لە دەق وەك ئەم فەرمودەیە:

وەك فەرمودەی ئەبو هوریرە رەزای خوای لێ بێت، دەربارەی ئەو حەوت پۆلەی کە لە ژێر سێبەری عەرشی خوای تعالا دانە، کە یەکێکیان،  پیاوێکە کە صەدەقەیەك دەدات و دەیشارێتەوە هەتاوەکو دەستی راستی نەزانیت چی بە دەستی چەپ بەخشیوە، ئەمەش سەراوژێر کردنی تێدایە لە دەق کە راستیەکەی ( حتی لا تعلم شماله ما تنفق یمینه) هەتا چەپەکەی نەزانیت بەوەی کە بە راستەکەی بەخشیوە.

نمونەی تاقیکردنەوەش بە سەراوژێر کردنی سەنەد و دەقەکان تاقیکردنەوی ئیمامی بوخاریە لە لایەن زانایانی بەغداد کاتێك سەد فەرمودە سەراوژێر ئەکەن لە رووی سەنەد و دەقەکانیان، و ئیمامی بوخاری رەحمەتی خوای لێ بێت هەر هەمووی بۆ راست کردنەوە.

**٢٣- والفرد ما قيدتـه بثقة أو جمع أو قصر على رواية**

## فرد واتە تاك

ئەم بەیتە باس لە فەرمودەی ( فرد) دەکات. فەرد لە زماندا واتە تاك و لە رووی زاراوە واتە: کاتێك ڕاویەك بە تەنیا فەرمودەیەك بگێرێتەوە وەك فەرمودەی ( انما الأعمال بالنيات) و بە زۆری ئەم جۆرە ڕیوایەتە تاکانە مەزەندەی لاوازێتیە بەلام هەندێکیان پەسەند دەکرێن، نەخاسمە کاتێك بە تەنیا ریوایەت کردن لە سەردەمە زووەکان بوو بێت ( هاوەلان و تابعين و تابعی تابعين)، بەلام لە دوای سێ سەدەکە، ڕاویە کان ژمارەیان زۆر بوو بە جۆرێك ڕاوی هەبووە کە شەس سەد کەس ریوایەتیان لێ کردووە، بۆیە کاتێك لەو هەموو ژمارە زۆرە، تەنیا یەك کەس فەرمودەیەك لە مامۆستای خۆی بگیرێتەوە کە قوتابیەکانی تری ریوایەتیان لێ ی نەکردووە ئەوا گومان دروست دەبێت.[٢١]

لەم بەیتە باسی سێ جۆر لە ریوایەتی فرد واتە تاك دەکرێت:

١. ریوایەت لە ریگای متمانە پێکراوێك: وەك فەرمودەی پێشوو ( انما الأعمال بالنيات) لە بەر ئەوەی لە ٤ توێژ ریوایەتی بە تەنیا هەیە و لە گەل ئەوەش چونکە هەموویان متمانە پێکراون بۆیە پەسەند کراوە و صحیحە.
٢. ریوایەت لە لایەن کۆمەلێك ی دیاریکراو وەك خەلکی شارێك یا عەشیرەتێك کاتێك بە تەنیا فەرمودیەك لە خەلکی بۆ نموونە شام یا حجاز ریوایەت دەکەن، ئەمەش پێ ی دەلێن (الفرد النسبی) واتە تا ڕادەیەك تەنیا گێرانەوەیە. یا خود یەك کەس لە کۆمەلێك یا کۆمەلێك لە یەك کەس یا کۆمەلێك لە کۆمەلێك.[٢٢]
٣. سنوردار کردن بە ریوایەتێك، بۆ نمونە کاتێك دەووترێت ئەم فەرمودەیە بەم مانایە تەنیا لە لایەن فلان کەس ریوایەت کراوە ئەگینا ئەم فەرمودەیە بە ڕێگای تر ریوایەت کراوە و بە ناوبانگە.[٢٣]

نمونەش بۆ ئەم جۆرە فەرمودەیە:[٢٤]

جۆری یەکەم: عن ضمرة بن سعيد المازني عن عبيدالله بن عبدالله أن عمر بن الخطاب رضي الله عنه سأل أبا واقد الليثي ما كان يقرا بة رسول الله صل الله علية و سلم في الأضحى و الفطر فقال كان يقرأ فيهما ب ق و القران المجيد و اقتربت الساعة و انشقت

[٢١] شیکردنەوەی شیخ ابن عثيمين مكتبة شاملة ل. ٩٩
[٢٢] سامسونية في شرح البيقونية، أبو عبدالله ليث الحيالي، ص. ٧٩
[٢٣] شرح محمد حسن إسماعيل. ص ٢٢
[٢٤] سامسونية في شرح البيقونية، أبو عبدالله ليث الحيالي، ص. ٨٠

القمر. لەم فەرمودەیە تەنیا ضمرة بن سعید لة عبیدالله بن عبدالله لە أبي واقد اللیثي دەگێڕێتەوە و هیچکام لە متمانە پێکراوەکان جگە لە ضمرة ریوایەتیان نەکردووە.

جۆری دووەم : قال الحاكم: ما حدثناه أبو نصر أحمد بن سهل الفقیه، ببخاری، قال: ثنا صالح بن محمد بن حبیب الحافظ، قال: ثنا علي بن حكیم، قال: ثنا شریك، عن أبي الحسناء، عن الحكم بن عتیبة، عن حنش، قال: كان علي رضي الله عنة یضحي بكبشین، بكبش عن النبي صل الله علیة و سلم و بكبش عن نفسة، و قال: كان أمرني رسول الله صل الله علیة و سلم أن أضحي عنة، فأنا أضحي عنة أبدا. حاكم دەڵێت: لە سەرەتای سەنەد تا کۆتاییەکەی تەنیا خەڵکی کوفە ریوایەتیان کردووە و جگە لە وان خەڵکی تری تیا نیە.

جۆری سێیەم: عن بریدة، عن أبیه، عن رسول الله صل الله علیة و سلم قال: القضاة ثلاثة: إثنان في النار، و واحد في الجنة، رجل علم الحق فقضی به فهو في الجنة و رجل قضی للناس علی جهل فهو في النار و رجل جار في الحكم فهو في النار لقلنا ان القاضي غذا إجتهد فهو في الجنة. لەم فەرمودەیە تەنیا خەڵکی ( مرو) لە عبدالله بن بریده لە باوکی دەگێڕنەوە.

## ٢٤- وما بعلة غموض أو خفا معلل عندهم قد عرفا

### معلول

مەبەست لەم دێرە فەرمودەی ( معلول) ە کە ناوی تریشی هەیە لە وانە ( معل) و ( معلل) بەلام لە رووی زمانەوانی (معل) تەواوترە. پێش شیکردنەوەی مانای بەیتەکە، پێویستە مانای ( علە) بزانین. پێناسەی (علە) یا هەمان نەخۆشی خۆمان: بریتیە لە ئاکارێکی شاردراوە کە توانج لێ بدات لە راست و دروستی سەنەدەکە و تەنیا لە ناو زانایان، پسپۆرانی شارەزا، لێ ی بە ئاگان وەك علی بن مدینی و احمد بن حنبل و بوخاری و ئەبو حاتم و ئەبو زورعە و دارەقوتنی رەحمەتی خوای تعالی لە هەمویان بیت.

فەرمودەی ( معل) لە ڕواڵەتە کەیدا صەحیحە بەڵام لە ڕاستیدا (علە) یەکی شاراوەی هەیە کە توانجی پێ لێ دەدرێت بۆ نمونە: دەووترێت: فلان کەس دوای مردنی ئەو شێخەی کە ریوایەتی لێ کردووە چووە شارەکەی (واتە بە شیخە کە نەگەیشتووە).[٢٥]

بۆیە لەم دێرە دانەری مەنزومە رەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت ئەو عیلە تە ی کە نادیار و شاراوەیە لای فەرمودەناسان بە فەرمودەی معلل ناسراوە. و زانستێك هەیە بە ناوی ( علل الحدیث) کە بە سەخت ترین زانست دادەنرێت لە نیوان زانستەکانی فەرمودە ناسی و ژمارەیەکی زۆر کەم لێ ی هەلکەتون و وەك ئاماژە بە هەندێکیان درا. ئاشکرا کردنی عیلەتەکانیش شارەزایەکی زۆر بە رفراوانی دەوێت لە گێرانەوەی فەرمودە و حالی راویەکان و زانینی زۆربەی ریگاکان و سەنەدەکان.

[٢٥] شرح محمد حسن إسماعیل. ص ٢١

## و عیلە تی کاریگەریش دووجۆرە:

١. عیلەت لە سەنەدەکە و ئەمەیان زیاتر باوە. وەك : حديث يعلى بن عبيد الطنافسي، عن الثوري، عن عمرو بن دينار حديث" البيعان بالخيار" (يعلى) هەلەی کردووە و (عبدالله بن دينار)ە نەوەك (عمرو بن دينار).

٢. عیلەت لە دەق. بۆ نمونە: ما رواه أبو داود، و الترمذي: من طريق عبدالواحد بن زياد، عن الأعمش، عن أبي هريرة رضي الله عنه مرفوعا: إذا صلى أحدكم ركعتي الفجر فليضطجع على يمينة. بەیهەقی دەلێت: عبدالواحد موخالەفەی خەلکێکی زۆری کردووە لە بەر ئەوەی خەلکی لە کردەوەی پیغەمبەری خوا صل الله عليه و سلم ریوایەت دەکەن نەك لە زاریەوە، هەروەها عبدالواحد لە نێوان قوتابیەکانی (أعمش) ئەوانەی کەجێگای متمانەن بە تەنیا بەم دەربڕینە ریوایەتی دەکات.[٢٦]

| ٢٥- وذو اختلاف سند أو متن | مضطرب عند أهيل الفن |
|---|---|

## مضطرب

**فەرمودەی (مضطرب ):** لە زمانەوانی واتە جیاوازی یا پەرێشانی، و اسم مفعولە لە (اضطراب) ەوە هاتووە واتە جوولە کردن بە نارێکی و لە زاراوە: بریتیە لە و فەرمودەی کە ڕاویەکان لە سەنەد یا دەقەکەی بە جۆرێك جیاوازیان هەیە کە ئەگەری (جمع کردن) واتە کار کردن بە هەر دوو فەرمودە یا (ترجيح) واتە پێش خستنی یەکێکان بە سەر ئەوی تر نیە.

**جیاوازی لە سەنەد:** بۆ نمونە هەندێکیان بە نەپچڕاوی و هەندێك بە پچڕاوی ریوایەت بکەن.

**جیاوازی لە دەق:** هەندێك بە مەرفوعی ریوایەتی بکەن و هەندێکی تر بە مەوقوفی.[٢٧]

بۆیە دانەری مەنزومە ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەلێت ئەوەی ( واتە ئەو فەرمودەی) کە لە سەنەد یا دەقەکەی جیاوازی هەیە لای شارەزایانی ئەم زانستە واتە فەرمودە ناسان (مضطرب) واتە پەرێشان ي پێ ئەو ترێت.

**و جیاوازی ڕاویەکانیش چەند جۆری هەیە:** یا لە یەك ڕاوی بە دی دەکرێت، کاتێك هەمان ڕاوی جارێك بە شێوەیەك بگێڕێتەوە و جارێکی تر بە جۆرێکی تر، یا لە لایەن چەند ڕاویەکەوە یە، بە جۆرێك هەر ڕاویەك بە پێچەوانەی ئەوانی تر بگێڕێتەوە.

لە پێناو ئەوەی فەرمودەیەك بە (مضطرب) بژمێردرێت دوو مەرج هەیە:

---

[٢٦] سامسونية في شرح البيقونية، أبو عبدالله ليث الحيالي، ص. ٨٣

[٢٧] شیکردنەوەی شیخ ابن عثيمين مكتبة شاملة ل. ١٠٤

١. شێوەی جیاوازیەکان یەکسان بن، واتە لە ڕووی هێزی ڕاویەکان و جێگای متمانە بونیان و دەرەجەی فەرموودە هاوشان بن. بۆیە لە کاتی هەبوونی جیاوازی لە نێوان فەرمودەیەکی صەحیح و یەکێکی تر کە لاوازە ئەوا یەکسانی نیە و صەحیحەکە بە هێزترە و پێش دەخرێت و ترجیح دەکرێت.

٢. بە پێ ی بنەماکانی فەرمودەناسان توانای کارکردن بە هەردوو فەرموودە نەبێت یا نەکرێت لە نێوانیان ترجیح بکرێت.[٢٨]

نمونەی ئەو فەرمودانەی کە جیاوازیان هەیە بەلام دەکرێت لە نێوانیان جمع بکرێت ( واتە کار بە هەموان بکرێت):

چۆنیەتی ئەنجام دانی حەجی پێغەمبەرمان صل الله علیه و سلم: هەندێك وا دەگێڕنەوە کە بە (مفرد) ی حەجی کردووە صل الله علیه و سلم ، و هەندێك بە (مقرون ) و هەندێکیش بە (تمتع) یان داناوە. بەلام زانایان بە لە بەر چاو گرتنی (افراد ) لە کردەوەکان بە( افراد) یان تاویل کردووە ، و بە پێ ی کۆکردنەوەی حەج و عومرە لە یەك سەفەر بە (تمتع)یان تاویل کردووە و بە پێ ی ئەنجامدانی هەردوکیان حەج و عومرە لە ڕووی واقیع بە (مقرون) یان داناوە. کە واتە توانرا کار بە هەر سێ جۆرە ریوایەت بکرێت و هیچ کامیان پاش گوێ نەخرا. هەروەها بنەمایەکی بنچینەیی هەیە دەلێت (الإعمال أولى من الإهمال) واتە کار پێ کردن لە پاش گوێ خستن لە پێش ترە، و هەروەها (جمع) یش بە کۆدەنگی زانایان لە پێش (ترجیح) ە.

هەروەها دەبێت جیاوازی لەسەر بنچینە و بابەتێکی سەرەکی بێت لە فەرموودە و لە سەر شتێکی لاوەکی نەبێت. بۆ نمونە لە فەرمودەی کڕینی ووشترەکەی جابر بن عبدالله رەزای خوا لە خۆی و باوکی بێت لە لایەن رسول الله صل الله علیه و سلم، سەبارەت بە نرخی کڕینەکەی ریوایەتەکان جیاوازن بەلام چونکە نرخ شتێکی لاوەکیە، و هیچ لە بنچینە دا ناگۆڕێت ئەوا بە (اضطراب) ناژمێردرێت.

## ٢٦- والمدرجات في الحديث ما أتت من بعض ألفاظ الرواة اتصلت

### مدرج

جۆری بیست و چوارەم لە فەرمودەکان لەم مەنزومەیە مودرەجە.

مدرجات لە زمانەوانی واتە: کۆی (مدرج)، واتە شتێك بخەیە ناو شتێکی تر

لە ڕووی زاراوەش: واتە: کاتێك یەکێك لە ڕاویەکان شتێك بخاتە ناو فەرموودە بە بێ ئەوەی باسی بکات کە لە کیس خۆیەتی، و دەکرێت لە سیاقی سەنەدەکە بێت یا لە دەقەکەی بێت.

چۆن دەزانرێت ئەم زیادەیە لە ڕاویەوە خراوەتە نێو فەرموودە و لە بنچینەی فەرمودەکە دا نیە؟

وولام: بە چەند شێوەیەك:

[٢٨] سامسونية في شرح البيقونية، أبو عبدالله ليث الحيالي، ص. ٨٦

١. لە ڕێگەیەکی تر فەرمودەکە ریوایەت بکرێت و ڕوونی بکاتەوە کە زیادەی ریوایەتەکەی تر (ادراجە) واتە زیادەی خۆیەتی.

٢. مەحال بێت ئەو زیادەیە بدرێتە پال رسول الله صل الله علیە و سلم، بە هۆی ئەوەی کە هەلەیەك هەبێت یا قەرینەیەك هەبێت گوزارش لەمە بکات.

ئیدارجیش لە دەق چەند جۆرێکە:

- **لە سەرتای دەقەکە بێت** کە ئەمەیان دەگمەنە وەك ئەو فەرمودەی کە دەربای دەست نوێژ ئەبو هورەیرە رەزای خوای لێ بێت لە پیغەمبەری خۆشەویست صل الله علیە و سلم ریوایەت دەکات دەفەرموێت: ( أسبغوا الوضوء ويل للأعقاب من النار). (أسبغوا الوضوء) ووتەی ئەبو هورەیرەیە رەزای خوای لێ بێت خراوەتە نێو فەرمودە. ئەمەش لە ڕێگەی ترەوە زانراوە چونکە ئەم ڕستەیەی تیا نەبووە.
- **ئیدارج لە ناوەراستی فەرمودە**: وەك ئەو فەرمودەی کە خێزانی ئەبوهورەیرە (بسره بنت صفوان) رەزای خوا لە هەردوکیان بێت، دەلێت گوێم لە رسول الله بوو صل الله علیە و سلم فەرموی: ( من مس ذكرة أو أنثيية أو رفغية فليتوضأ) لەم فەرمودەیە (أو أنثيية أو رفغية) ئیدراجی عوروەیە کە لە ڕیگەیەکی تر هاتووە، أنها قالت سمعت رسول الله صل الله عليه و سلم يقول: ( من مس ذكره فليتوضأ) ، و كان عروة يقول: إذا مس رفغيه أو أنثييه أو ذكره فليتوضأ.
- **لە کۆتایی فەرمودە**، ئەمەش زیاتر باوە: وەك: ما أخرجه الشيخان من طريق يونس عن الزهري، قال: سمعت سعيد بن المسيب، يقول: قال أبو هريرة رضي الله عنه: قال رسول الله صل الله عليه و سلم: ( العبد المملوك الصالح أجران)، و الذي نفسي بيده لولا الجهاد في سبيل الله و الحج و بر أمي لأحببت أن أموت و أنا مملوك. لەم فەرمودەیە (و الڑی نفسی بیده لولا ....) لە کەلامی ئەبو هورەیرەیە رەزای خوای لێ بێت لە بەر ئەوەی مەحالە ئەمە رسول الله صل الله علیە و سلم، وا بفەرموێت چونکە بە منالی دایکی لەدەست داوە هەتاوەکو خزمەتی بکات و ناکرێت صل الله علیە و سلم، کە باشترین خەلقی خوایە خۆزگە بە کۆیلایەتی بخوازێت. [٢٩]

هۆکارەکانی دروست بوونی ئیدارج لە فەرمودە:

١. کاتێك، ڕاوی بیەوێت هەندێ ووشەی نامۆ، شی بکاتەوە لە نیو دەقەکە دا.

٢. کاتیك، ڕاوی بیەوێت حوکمێك لەم فەرمودەیە باس بکات وەك ئەوەی لە ووتەی عوروە بینیمان.

٣. کاتیك، ڕاوی بیەوێت حوکمێك بچەسپێنێت وەك فەرمودەی ئەبو هورەیرە بە مەرفوعی کە لە سەرەوە باس کرا.

[٢٩] سامسونیه فی شرح البیقونیه، أبو عبدالله لیپ الحیالی، ص. ٩٠

## ٢٧- وما روى كل قرين عن أخه         مدبج فاعرفه حقا وانتخه

### مدبج

لێرە باسی (مدبج) کراوە و بۆ ئەم مەبەستەش پێش زانینی واتای مدبج دەبێت باسی واتای (أقران) بکرێت.

لە بەیتەکە دا هاتووە مدبج بریتیە لە و فەرمودەی کە هەر ( قرين) ێك لە ( قرين ) ی خۆی ریوایەت دەکات.

### قرين

**قرين**: لە زمانەوانیدا واتە: هاوشان و هاووێنە

**الأقران**: واتە ئەو کۆمەلە خەلکەی کە هاوشێوەی یەکترن لە ڕووی تەمەن یا لە گێرانەوەی فەرمودە لە مامۆستایەك لە یەك تەبەقە واتە لە یەك سەردەم بوونە.

(**مدبج**) لە زمان واتە: ڕازاوە، بۆیە ناوی لێنراوە لە بەر جوانیەکەی و (تدبيج)  لە دوو لاڕوومەتەکەی دەم و چاو هاتووە.

لە زمانەوانیدا: واتە کاتێك دوو قەرین و هاوشان لە یەکتر ڕیوایەت دەکەن کە لە تەمەن و سەنەد لێك نزیکن، بۆیە بە مدبج ناونراوە لە بەر ئەوەی وەك دوو دیوی یەك دەم و چاو لە یەك تەبەقە دان.

**تێبینی**: گەر تەنیا یەکیك لە هاوشانەکان لە ئەوی تر ریوایەت بکات ئەوا پێ ی دەوتریت: (روايه الأقران)  بە لام گەر هەردوکیان لە یەکتری ریوایەت بکەن دەبێتە (مدبج).

**نمونەیان**: لە هاوەلەکان: دایکە عائیشە لە ئەبو هورەیرە وە رەزای خوایان لێ بێت ریوایەتی کردووە و هەروەها بە پێچەوانەشەوە ئەبو هورەیرەش لە دایکمان عائیشە رەزای خوایان لێ بێت ریوایەتی کردووە.

لە تابعين: عمر بن عبدالعزيز لە زوهری و بە پێچەوانەشەوە وە ریوایەتیان لە یەکتر کردووە.

لە تابعی تابعين: مالك بن انس لە ئەوزاعی و بە پێچەوانەشەوە.

لە ئەتباعی  ئەتباع: وەك ریوایەتی ئیمامی ئەحمەدی حنبل لە عەلی مەدینی و بە پێچەوانەوە. [٣٠]

لە کۆتایی بەیتەکە دەلیت ( فأعرفه حقا و انتخه) واتە بەراستی بیزانە و شانازی بکە بە زانینی ئەو زانیاریە گرنگە.

---

[٣٠] سامسونية في شرح البيقونية، أبو عبدالله ليث الحيالي، ص. ٩٤

## گرنگی زانینی ( مدبج):

ئەوە یە کە گومانت لا دروست نابێت کە لە سەنەدەکە کەسێك زیادە لە بەر ئەوەی هەردوو ڕاویەکە لە یەك ئاست یا سەردەم ژیاون بەلکو دەزانی ئەمانە هەرچەندە لە یەك ئاستن بەلام لە بەر ئەوەی فەرمودەیان لە یەکتر گێراوەتەوە ئەوا بوونی ناوی هەردوکیان لە یەك سەنەد کێشە نیە و گوماناوی نیە.[31]

لە تەك ئەم جۆرە ریوایەت کردنە ریوایەتی گەورە لە بچوك ( لە ڕووی تەمەن) و ڕیوایەتی هاوەل لە تابعین و ریوایەتی باوك لە کوڕ هەیە، و ئەمەش خاکە ڕایی بوونی ڕاویەکان و دلسۆزیان بۆ دین دەگەینێت. وەك ریوایەتی عباس لە فەزلی کوڕی خۆی رەزای خوایان لێ بێت، و ڕیوایەتی هاوەلان لە تابعی وەك: ئەبو هورەیرە و موعاویە و ئەنەس رەزای خوایان لێ بێت لە کعب الاحبار رەحمەتی خوای لێ بێت کە تابعی بووە.

گەر مامۆستا لە قوتابیەکەی بگێرێتەوە و جیاوازی لە نیوان سالی وەفاتیان هەبێت ئەوا بە ( السابق و اللاحق) دادەنرێت وەك ڕیوایەتی بوخاری لە قوتابیەکەی ابی العباس السراج لە کتابی ( التاریخ).[32]

| ٢٨- متفق لفظا وخطا متفق | وضد فيما ذكرنا المفترق |
|---|---|

## متفق و مفترق

لەم دێڕە دوو جۆری تریاسکراون کە ئەوانیش ( متفق) و ( مفترق) ە.

دانەر لە بەیتەکە دەلێت: (متفق) واتە یەك گرتنەوە، بریتیە لەوەی کە لە ڕووی نوسیەوەن و دەستەواژە یە ك بگرنەوە ،واتە بە تەواوی لە یەك بچن و پێچەوانەکەشی (مفترق) ە.

با بزانین لە رووی زمانەوانی و زاراوەیی و کردەیی ئەم دووانە چین.

### متفق:

واتە هاوڕا بوون و لێرە بە واتای یەکگرتنەوە دێت لە ڕوالەت و شێوازی نوسینەوە

لە زاراوەش دا: هەروەك ابن کثیر رەحمەتی خوای لێ بێت لە کتابی خۆی (الباعث الحثیث) دا دەلێت: بریتیە لەوەی کە دوو کەس یا زیاتر لە ڕاویەکان ناوی خۆیان و ناوی باوکیان وەك یەك بێت بۆ نمونە: ( الخليل ابن أحمد) شەش کەس بەم ناوە هەنە لە ناو

---

[31] شەرحی زورقانی لە گەل پەراوێزی الاجهوری ل. ٢٠٤

[32] شەرحی زورقانی لە گەل پەراوێزی الاجهوری ل. ٢٠٧

راویەکان.[33] ئەمەش زانستێکی زۆر گرنگە لە بەر ئەوەی لە وانەیە چەند ڕاوی بەو ناوە هەبن، کە هەر یەکە لەمانە، هەندێکیان جێگای متمانە بن و هەندێکی تر لاواز بن یا لەوانەیە هەردووکیان بە یەك ناو بن و تەنانەت لە یەك سەردەم و شوێن ژیا بن یا بە پێچەوانەوە خەلکی شوێن و سەردەمی جیاواز بن. ئەمەش زۆر گرنگە لە بەر ئەوەی زانینی ئەوەی ئەم راویە کامەیانە، کار دەکاتە سەر حوکمی فەرمودەکە بۆ ئەوی بزانین بە یەك گەیشتوون و فەرمودەیان لە شێخی خۆیان وەرگرتووە یا نە.

ئەمەش چۆن دەزانرێت و چۆن لێك جیا دەکرێنەوە؟ و. بە هۆی کۆکردنەوەی ڕێگا جیاوازەکانی یەك فەرمودە و هەروەها بە سرنج دان لە ناوی قوتابی و شێخەکانی راویەکە، و بەراورد کردنیان بە زانیاریەکانی ڕاویەکانی تر کە هەلگری هەمان ناون لە کتابەکانی (رجال و تراجم).

**تێبینی:** متفق و مفترق تەنیا پەیوەستە بە سەنەد و لە دەق دا نیە. هەروەها کاتێك کە هەردوکیان جێگای متمانە بن (واتە ڕاویەکان) ئەوا کێشە نیە بەلام کاتێك یەکێکیان لاواز و یەکیکی تر متمانە پێکراو وجێگیر بێت ئەوا دەبێت یەکلایی بکرێتەوە.

موفتەریق یش واتە جیاواز و ریَك پێچەوانەی ئەوەی یەکەمە واتە کاتێك ناوی راویەکان و باوك و کونیە و نازناویان لێك جیا بێت. کە ئەمە ئاساییە و زۆربەی ڕاویەکان لە مانە جیاوازن و خەتیبی بەغدادی ڕەحمەتی خوای لیّ بێت کتابێکی لە سەر داناوە.

## ٢٩- مؤتلف متفق الخط فقط وضده مختلف فاخش الغلط

## مؤتلف و مختلف

(مؤتلف) جۆرێکی ترە و پێچەوانەکەشی (مختلف)ە

مؤتلف: واتە کاتێك لە شێوازی نوسین ناوەکان وەك یەك بن بەلام لە دەربڕین و خوێندنەوە جیاواز بن.

ابن صلاح شارەزوری دەلێت ئەمە بریتیە لە زانینێکی بە پیز و گرنگ، و ئەوەی لە فەرمودەناسان لیّ ی بیّ ئاگا بێت تووشی هەلەی گەورە دەبێت. و خۆیشی کتابێکی لە سەر داناوە.

نمونەش بۆ ئەم جۆرە ناوانە: ( سلّام) بە تشدیدی لام و بە بیّ شەدە هەروەها (عُمارة) بە زەمی عەین و بە کەسری عەین لە فەتح و زەم و سکون و شەدە یا بە هۆی جیاوازی پیتێك لە ناوەکە وەك ریاح و رباح، و شریج و سریج، یا جیاوازی دوو پیت بەلام لە شیوازی نوسینەکە لێك نزیك بن وەك: العنسي و العیشي و العبسي.

سوودی ئەم زانستەش وەك جۆری پێشوو بۆ جیاکردنەوەی ڕاویەکان دێت و زۆر جار بە هۆی ئەوەی پلەی ڕاویەکان جیاوازە لە ڕووی متمانە و جێگیر بوونی لە بەر کردن ئەوا حوکمی فەرمودەکە دەگۆڕێت.

---

٣٣ الباعث الحثيث، ابن كثير، ل ١٢٦

ئەم زانستەش لەم سەردەمە بە تایبەت بۆ ئەوانەی کە کاری تحقیق واتە بە دواداچون دەکەن بۆ دەستنوسەکان زانستێکی گرنگە.

**٣٠- والمنكر الفرد به راو غدا تعديله لا يحمل التفردا**

## منكر

منكر لە زمانەزانی: پێچەوانەی (معروف)ە واتە چاكە و لە زاراوەدا واتە: گێڕانەوەی لاوازێك كە جیاواز بێت لە كەسێك كە لە خۆی لە پێشترە.

منكر لە نێوان زانایان جیاوازی هەیە لە سەری ، هەندێ پێ یان وایە (منكر) بریتیە لە ڕیوایەت كردنی كەسێكی لاواز بە جۆرێك گێڕانەوەی جیاواز بێت لە گێڕانەوەی كەسێكی متمانە پێكراو، تەنانەت گەر هەردوو ڕاویەكە قوتابی یەك شیخیش بن. هەندێكی تریش (منكر) یان بەوە پێناسە كردووە كە گێڕانەوەی تەنیا یەك كەس بێت بە جۆرێك ئەم كەسە بە تەنیا گێڕانەوەی جێگای قبوڵ كردن نەبێت و هەر ئەمەش مەبەستی دانەری مەنزومەیە ڕەحمەتی خوای لێ بێت.[٣٤]

ئەمەش روونە لە بەیتەكەدا، لە تەك (منكر) ووشەی ( فرد) ی هێناوەتەوە و دەلێت (منكر) ی فرد ئەوەیە كە تەنیا یەك ڕاوی ریوایەتی بكات بە جۆرێك پلە و پایەكەی لە ڕووی جرح و تعدیل ڕێگەی پێ نادات بە تەنیا ریوایەتەكەی لێ قبول بكرێت. بەم مانایە كە دانەری مەنزومە هیناویەتەوە ئەوا ئەم جۆرە هەمان فەرمودەی (غەریب)ە، و تەنانەت بە هەبوونی شواهد واتە رێگەی تری هەمان فەرمودە كە صەحابیەكی تر ڕیوایەتی بكات، پلەی ئەم فەرمودە (غەریب) ە بەرز ناكاتەوە بۆ حەسەن لە بەر ئەوەی لاوازێتیەكەی گەورەیە، هەروەك ابن حجر لە (نخبة الفكر) باسی لێوە كردووە.[٣٥]

## سوود لە پۆلێن كردنی فەرمودەی منكر چیە؟

١. بەیهەقی رەحمەتی خوای لێ بێت دەلێت: (منكر) پشتی پێ نابەسترێت و بەلگەی پێ ناهێنرێتەوە.
٢. ابن صلاح، جیاوازی ناكات لە نێوان منكر و شاذ و لای ئەو هەردوكیان یەك شتە.
٣. ابن حجر دەلێت: ئیمامی ئەحمەد و نەسائی رەحمەتی خوایان لێ بێت، و كەسی تریش لە ڕخنە گران تەنیا بە گێڕانەوەی تاكە كەسێكیان ووتوە (منكر) كە لەو پایە نەبێت تاك گێڕانەوەكەی لێ وەربگیرێت.[٣٦]

---

[٣٤] شیكردنەوەی شیخ ابن عثیمین مكتبة شاملة ل. ١١٨

[٣٥] شیكردنەوەی شیخ ابن عثیمین مكتبة شاملة ل. ١١٨

[٣٦] سامسونية في شرح البيقونية، أبو عبدالله ليث الحيالي، ص. ٩٨

٣١- متروكه ما واحد به انفرد وأجمعوا لضعفه فهو كرد

## متروك

متروك لە زمانەوانیدا: اسم مفعولە لە (ترك) هاتووە، واتە وازلێ هێنان و لە زاراوە واتە: ئەو فەرمودەی کە لە ناو ئیسنادەکەی ڕاویەك هەبێت کە بە درۆکردن تاوانبار کراوە.

لە بەیتەکەش دا هاتووە مەتروك ئەوەیە کە ڕاویەك بە تەنیا ریوایەتی بکات و ڕخنەگران لە سەر لاواز بوونی ئەم ڕاویە کۆك بن و بۆیە ۆڕیوایەتەکەی رەت دەکرێتەوە.

هۆکارەکانی تۆمەتبارکردنی راویەك بە متروك دوو شتە:[٣٧]

١. ئەم فەرمودەیە تەنیا لە ڕێگەی ئەم راویە گێردرابێتەوە و پێچەوانەی بنەما کارپێکراوەکان بێت.
٢. ڕاویەکە لە قسەی ئاسایی خۆی درۆی لێ بینراوە بەلام لە فەرمودەی پیغەمبەرمان صل الله علیه و سلم ، ئەمەی لێ بە دی نەکراوە.

نموونە: فەرمودەی عمرو بن شمر الجعفي الكوفي الشيعي، عن جابر عن أبي الطفيل عن علي و عمار قالا: كان النبي صل الله عليه و سلم يقنت في الفجر، و يكبر يوم عرفة من صلاة الغداة و يقطع صلاة العصر اخر أيام التشريق.

نەسائی و دارە قوتنی و غەیری ئەمانەش دەربارەی ( عمرو بن شمر ) ووتویانە کەسێکی (متروك الحديثة) واتە گێڕنەوەی لێ وەرناگیرێت.

٣٢- والكذب المختلق المصنوع على النبي فذلك الموضوع

## موضوع

لە بەتەکە دا روون و ئاشکرایە کە دەلێت ئەو درۆ و ساختەی لە خۆیان دەرهێناوە و دەیدەنە پاڵ پیغەمبەری خۆشەویست صل الله علیه و سلم، ئەوە پێ ی ئەوترێت: (موضوع) .

موضوع یش لە زمانەوانیدا: لە (وضع) هاتووە واتە شتێك بداتە پال کەسێکی تر و لە زاراوەدا: واتە درۆکردنی ڕاوی لە فەرمودە دا بە جۆرێك شتێك بداتە پاڵ رسول الله صل الله علیه و سلم کە ئەو نەیفەرمووە و ئەنجامی نەداوە و ئەم کارەش بە ئەنقەست بکات.

[٣٧] تيسير مصطلح الحديث، محمود الطحان ص. ٩٤

**بۆ نموونە:** وەك ئەوەی کە خەتیب لە ( تاریخ) دا دەگێڕیتەوە: لا بأس ببول الحمار و کل ما أکل ( واتە کیشە لە میزی گوێ درێژ نیە و هەر شتێك کە بخورێت. ئەوەی بە هەلبەستن تۆمەتبارە اسحاق بن محمد بن أبان النخعی یە .[٣٨]

ئەمە بریتیە لە پیس ترین و خراپترین بەشەکان و هیچ فڕی بە سەر فەرمودەی پیغەمبەرمان صل اللە علیە و سلم نیە و تەنیا بۆیە لە نێو باسی زاراوەی فەرمودە باس کراوە تەنیا بە مەبە ستی ڕوونکردنەوە.

## حوکمی موضوع:

لە هیچ شوێنێك بۆ هیچ مەبەستێك ناگێردرێتەوە، ئێنجا چ لە ئەحکام بێت یا چیرۆك و هاندان بۆ چاکە، و گێرانەوە لە خراپە یا فەزلەکان، و زانیان کۆدەنگن کە ناکرێت بۆ هیچ مەبەستێك بگێڕدرێتەوە تەنیا بۆ یەك مەبەست نەبێت ئەویش ئەوەیە ڕوون بکرێتەوە کە ئەمە فەرمودە نیە و هەلبەستراوە بۆ ئەوەی خەلکی لێ ی بە ئاگا بن و خۆی لێ بپارێزن.

ترسناکی هەلبەستن و بوختان کردن بە زاری رسول اللە صل اللە علیە و سلم، لە فەرمودەیەکی صەحیح دا روون کراوەتەوە:

انە قال صل اللە علیە و سلم " من حدث عنی بحدیث یری أنە کذب فهو أحد الکاذبین" موسلیم لە پێشەکی صەحیحەکەی ریوایەتی کردووە، واتە هەر کەسێك فەرمودەیەك لە من بگێرێتەوە و بۆی ئاشکرا بێت کە ئەمە درۆیە ئەوا ئەو کەسەی دەیگێرێتەوە یەکێك لە دوو درۆزنەکانە.

هەروەها ئەو فەرمودە بە ناوبانگە، کە پیغەمبەری خۆشەویستمان صل اللە علیە و سلم فەرمویەتی: " من کذب علی متعمدا فلیتبوأ مقعدة من النار" رواە بخاری ، واتە هەرکەسێك درۆ بە زاری منەوە بکات با جێگەی خۆی لە ناو ئاگری جەهەنەم خۆش بکات ( خوا بمان پارێزێت).

لە پێناو خۆپاراستن لەم هەرەشەیە و وریا بوون لە تێکەوتن و هەلە کردن لە فەرمودەکانی رسول اللە صل اللە علیە و سلم ئەوا زۆرێك لە هاوەلان رەزای خوایان لە سەر بێت، کەم ریوایەتیان کردووە و بگرە هەندێ جار ڕێگریشیان کردووە لە زۆر ریوایەت کردنی فەرمودە، مەبادا توشی هەلە بن لە گێڕانەوەی فەرمودە. نمونەش هەرەشەی ئیمامی عومەرە رەزای خوای لێ بێت لە ئەبو هورەیرە کە واز بهینیت لە زۆر ڕیوایەت کردن ئەمەش مەبەست لێی گومان نەبووە لە سەر راستگۆیی و ئەمانەت داری ئەبو هورەیرە رەزای خوای لێ بێت بەلکو مەبەستی دوو شت بووە:

<u>**یەکەم**</u> نزیك بوون لە سەردەمی دابەزینی قورئان بۆ ئەوەی فەرمودەکان لە گەل قورئان تێکەل نەبێت خەلکی لێیان تێکەل نەبێت.

<u>دووەم</u>: دلسۆزی و پەرۆشی خەلیفەکانی رسول اللە صل اللە علیە و سلم، لە سەر ئەمانەتی فەرمودە بە نرخەکان و پارێزگاری کردن و گرتنە بەری خۆپاریزی و وریا بوون لەوەی نەوەك زیاد و کەم بخرێتە ناوی.

---

[٣٨] سامسونیة في شرح البیقونیة، أبو عبدالله لیث الحیالي، ص. ٩٩

بۆیە پێش ڕیوایەت کردنی هەر فەرمودەیەك، دەبێ ئێمە هەمووان زۆر ووریا بین و هەر چی کەوتە بەر دەستمان نەیگێڕینەوە تا دلنیا نەبین لە فەرمودە و شیوازی گێڕانەوە و ڕاست بوونی سەنەدەکەی و دەقەکەی و بەیان کردنی هەر کەم و کورتیەك گەر لە سەنەد و ڕاویەکان هەبیت.

دیارە هەندێ لە زانایان لە پێناو جیاکردنەوەی مەوزوعەکان لە فەرمودەکانی تر، کتێبیان داناوە هەندێکیان تایبەتە بەوە و هەندێکی، تر لا بە لا لە دوو توێی کتابی گشتی مەوزوعاتیان دەستنیشان کردووە. بە ناوبانگ ترین کتابەکانیش لەم بوارە ئەمانەن: موزوعاتی ئیبن جەوزی ڕەحمەتی خوای لی بیت. بەلام وەك ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لی بێت لە ڕاڤەکردنی خۆی بۆ مەنزومەی بەیقونی دەلێت: مەرج نیە پشت بە کتابی ئیبن جەوزی ببەسترێت سەبارەت بە مەوزوعات ( واتە بە ڕەهایی و بێ لێکۆلینەوە) لە بەر ئەوەی ئیبن جەوزی (متساهل) بووە لەمەوزوعات، واتە هەندێ جار ئەو فەرمودانەی کە گەورە زانایان بە ڕاستیان داناوە یا ئەو پەری لای ئەوان لاواز بووە، ئیبن جەوزی بە هەلبەستراوی لە قەلەم داوە و لە کتابەکەی دا هێنایتەوە.

**هۆکاری دانانی مەوزوعات و هەلبەستن بۆ چەند شتێك دەگەریتەوە:**

- لەوانە: دەمارگیری لە سەر مەزهەب و دانانی هەلبەستراو بۆ پشتگیری کردن لە مەزهەبی خۆی.
- ناوازە بوون و دیار کەوتن.
- بە گۆتەی خۆیان برەودان بە کار و کردەوەی باش، تەنانەت گەر بە هۆی هەلبەستراویك بیت، کە ئەمە پاساویکی بۆگەنە و دین پێویستی بە درۆ و هەلبەستن نیە بۆ کاری چاکە و ئەوەی هەیە لە فەرمودە صەحیحە کان بەسمانە و پێویستی بە شتی ترنیە.
- قین لە دل بوون لە ئیسلام و موسلمانان و شێواندنی دین و ڕەواج دان بە شتی خورافیات و فیتنە و دەلەسە بە ناوی دین و هەلبەستنی درۆ بە زاری رسول الله صل الله علیه و سلم.

| | |
|---|---|
| ٣٣- وقد أتت كالجوهر المكنون | سميتها: منظومة البيقوني |
| ٣٤- فوق الثلاثين بأربعة أتت | أبياتها ثم بخير ختمت |

## كوتایی مەنزومە

لە کۆتایی دا، دانەری ئەم نەزمە جوانە دەڵێت وەك گەوهەری پارێزراو ئەم مەنزومە هاتووە و ناوم لێ ناوە بەیقونی، کە لەقەبی خۆیەتی و دەڵێت ژمارەی بەیتەکانی سی و چوار دانەیە و کۆتایی پێ دێت.

الحمدلله بۆ الله تعالى کە هاوکارم بوو بۆ نوسینەوە و شیکردنەوەی ئەم مەنزومەیە

لە ئێوارەی رۆژی یەك شەمە ٠٥ جمادى الاولى ١٤٤٢ کاتژمێر ٣:٤٦ نوسینی ئەم نامیلکە زانستیە بە کۆتا هات.

خزمەتکاری قورئان و سونەت

عبدالرحمن شمس الدين نزاری

# مافی لە بەرگرتنەوە و چاپ و بلاوکردنەوە



تێبینی: شیکردنەوەی مەنزومەی بەیقونی لە لایەن دانەری ئەم پەرتوکە بە شیوازی تۆماری دەنگی لە ٩ وانە هەیە و ئەوەی بیەویت دەتوانیت سود مەند بێت و لە کەنالی ذخائر السنة للعلوم الشرعية دەستی دەکەوێت.




خوای تعالی پاداشتی ئیوەش بداتەوە کە کاتتان تەرخان کرد بۆ خوێندنەوەی ئەم پەرتوکە.

تکایە لە هەر کەم و کوریەك ئاگادارمان بکەنەوە.

**هۆکارەکانی پەیوەندی:**





07507658019





عبدالرحمن النزارى
أكادمية ذخائر السنة للعلوم الشرعية



Abdulrahman160877@gmail.com

# خشتەی بابەتەکان: